فایلی

# وتارو لێکۆڵینەوە

## وتارو لێکۆڵینەوە


* **شانۆ و ژیان لە دایەلۆگدان**

ئەحمەد سالار

* **دراما بە نهێنی ... هاوپەیڤینێک لە تەک نووسەر و ڕیژیسۆری ناوداری جیهانی ڤاتسلاڤ هاڤڵ**

مەهدی جاف

* **شانۆی فێمێنیستی**

نیهاد جامی

* **ئەکتەری کورد لە ژێر سێبەری ستانسلافسکیدا**

سدیق عزیز

* **شانۆکاری کوردو یۆتۆپیای شانۆی عێراقی**

شکۆ عومەر کاکەڕەش

* **بەدراماکردنی شانۆ، دەیگێڕێتەوە سەردەمی زێڕینی**


عەبدولغەفار عەبدوڵڵا

* **چێژی موزیک لە شانۆدا**

ژیلوان تاهیر

# شانۆ و ژیان لە دایەلۆگدان

ئەحمەد سالار





مەبەستمان لەو دایەلۆگە فراوان و رۆژانەو بەردەوامەیە لەتەک ژیاندا دەشێ و سات لەدوای سات گەرم و گەورەتر دەبێ، نەک وەک ئەو دایەلۆگە سەرتەختەی شانۆیەی پەیوەستە بە چەند دیوارێکی سنوور بەندو، چەند مەتر دووجایەک، یان ئەوەی لەنێوان دووکەس یان زیاتردا هەیەو، لە چوارچێوە شانۆییەکەدا، چەند خاسیەت و بەهاو بایەخێکی هەیەو، بەر لەهەموویان رووداوە شانۆییەکە بەرەو پێش دەبات و دەیگەیەنێتە ترۆپک و، ئەو هێڵە دەکێشێ هەتا ئەو ئاستەی لایەک بەلایەکدا دەکەوێ... لە دوو توێی ئەو زمان و جۆری ئاخافتنەوە گشت لایەکان ئاشکرا دەبێ، جگە لەوەی مەرج نییە گشت ئاخافتنی بەپیت و، وشە و، رستە خۆی بنوێنێ. هەر چۆن وشە بوونەوەرێکی زیندووە، هەروەها ئاماژەکاری و گۆشەنیگاو جووڵە، ...هتد زیندەوەرن و نەشونما دەکەن.

کە دەڵێن دایەلۆگی بەردەوامی و، هەرگیز دابڕنەبوو، هەمیشە هاوتەریبی ژیان شانۆیە، شانۆ و ئەو هاوهەنگاوییەی لەتەک ژیانی رۆژانەو کاروانە بێ وچانەکاندا، بایەخ و بەهاگرانی ئەو هونەرەیە، کە لەبارەیەوە دەگوترێ شانۆ ژیانە، هەرچۆن (شکسپیر)یش واتەنی ژیان لەئایندەشدا، خەمخۆری ئەو راستکردنەوەیە، راستکردنەوەی نا هاوتایی و ناتەبایی و، گشت ئەوشتانەی خەم و خولیای سەردەمەکەیە، کەواتە ئەم دەمەتەقێیە بەردەوامە، ئەوەش رەوت و رێگاو رارەوی بەرەو ئایندە چوونە، مادامەکی ژیان سروشتەو، پێداویستییەکانی ئەوق بوو نییە، بەرەنگار و بەربەستی و بەرامبەر بوونەوە نابڕێتەوە، کەواتە ئەرکی شانۆش هەتا ژیان هەبێ شانۆیە.

بۆیە لەدوزتوێی هەر دەقە شانۆییەکەوە، حەقیقەتی سەردەم و رۆژگارەکەی بە سەرجەم کێشە و کێشمە کێشەکانی و ململانێیەکانیەوە دەبینین و بەجوانی دەخوێنینەوە. کۆمەڵگاو ڕۆژگارەکە بەسەرجەم بیر و داب و نەریت و هەمەجۆر کلتوورو رابوردو، لەگەڵ ئەو سەردەمەی تیادا نووسراوە جگە لەدەرخستنی ئایندە. رەنگە ئەمە گرنگترین جیاکەرەوەی بێ لەهونەرەکانی دیکە. بەهۆی ئەو گفتوگۆیەوە بینینەوەی راستییەکان بەدەستدێنێ، بەم پێیە ژیان کێڵگەیەتی و کەرەسەی سەرەکی و پێداویستییەکانی دەخاتە بەردەم، بەر لەگشت شتێ کاری نەنگی و ناتەواوی، بەمەبەستی راستکردنەوە کەواتە ئەو دایەلۆگەی نێوان، چ لەمێژوو جاران و، چ هەنووکەو، ئەویش دەبێ ببێ، گریان هەر دەمێ دابڕبوون روویدات، ئەوە ساتە مەرگی شانۆیە بۆیە هەتا هاودەم و هاوخەم و هاوەڵی یەکدی بین ئەوە شانۆ ڕۆژی خۆیەتی و خەمخۆرە، پەرۆش و هەرە دڵسۆزەکەی ژیانە، واتە لەگشت بارێکدا چەندە دەست پاکانە ژیان نوێ بێ، ئەوە پتر لەئاستی مەبەست پێکاندایەو، پەیامەکەی لەئەستۆنراوی بۆ رازاندنەوەو جوانکردنی ژیان و پاراستنی شکۆمەندی مرۆڤ و، ڕۆشنکردنی ئاسۆکان بەهیواو گەشبینییەوە دەرەخسێنێ و دەنوێنێ.

ئەمە کورتەی ئەو سەبوردەیەی دایەلۆگەکەیەتی لەگەڵ ژیاندا، بۆیە ژیان دەپرسێ و شانۆ وەڵام دەداتەوە، بەهەمان شێوە شانۆ رووی زاری دەکاتە ژیان و پرسیار دەکات، ئیدی ئەمە بەردەوامە.....

# دراما بە نهێنی ... هاوپەیڤینێک لە تەک نووسەر و ڕێژیسۆری ناوداری جیهانی ڤاتسلاڤ هاڤڵ

ڕۆژانی 1 و 3 مانگی گوڵانی 2010 لە شانۆی شاری ستۆکهۆڵم شانۆنامەی "وازهێنان" و " بەخزمەتگەیشتن"ی نووسەری چیکی ڤاتسلاڤ هاڤڵ نمایش کرا. بەو بۆنەیەوە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان " کلاس بارکمان" و " لویس سابۆدۆڤا" هاوپەیڤینێکیان لەتەک ئەم شانۆکارە مەزنە ئامادەکردووە کە لە مەزنترین ڕۆژنامەی سویدی " داگێنس نوهێتەری" هەمان ڕۆژدا بڵاوکراوەتەوە. لەم بەیەکگەیشتنەدا ئەو باس لە کاری دراما لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی ولآتەکەیدا دەکات.

**ئامادەکردنی لە سویدیەوە : مەهدی جاف . سوید**



**با بەر لە دەستپێکدا بزانین ڤاتسلاڤ هاڤڵ کێیە.**

ڤاتسلاڤ هاڤڵ، درامانووس، چالاکوانی مافی مرۆڤ و سیاسەتمەداری چیکی لە ساڵی1936 لە پراگی پایتەختی چیک لە دایک بووە. لە ساڵی 1989 تا 1992 دوا سەرۆک کۆماری چیک و سلۆڤاکیا بووە. پاش جیابوونەوەی سلۆڤاکیا لە چیک بەشێوەیەکی زۆر ئاشتی لە کاتی دواچرکەی ئاهەنگی سەری ساڵی 1992 دا ئەو دوو کۆمارە لە یەکتر جیابوونەوە، ئەو وەک یەکەمین سەرۆک کۆماری ضیک بۆ ماوەی 10 ساڵ واتە تاساڵی 2003 ولآتی بەشێوەکی زۆر هێمن و پڕ لە پێشکەوتنەوە بەڕێوە برد و یەکێکە لەو سەرۆکانەی سیاسەت پیاو خراپی نەکرد و لای خەڵکانی ولآت و دەرەوەی ولآتیش ناوبانگی جیهانی وەک نووسەر و سیاسەتمەدار بەرز ڕاگیراوە. ئەو لە سیاسەتی جیهانیشدا خاوەن هەڵوێستی جەربەزانە بوو و پشتگیری ئەمەریکای لە لێدانی ڕژێمی فاشستی بەعس و بێ دەسەلآتکردنی سەدام کرد و هەروەها لایەنگری ناتۆ بوو بۆ لێدانی سربیا. لە کاتی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا وەک شۆرشە جەماوەرییەکانی ولآتە سۆسیالیستەکانی سەرەتای 1990 دەگونجاند کە کۆتایی بە دەسەلآتی حوکمی بلۆکی سۆسیالیستی دیکتاتۆری هێنا.
ڤاتسلاڤ هاڤڵ یەکێک بووە لە ڕێکخراوی " چارتا 77 " ، ئەم ڕێکخراوە داوای مافەکانی خەڵکی ضیکۆسلۆڤاکیان دەکرد لە سەردەمی کۆمۆنیستدا و ڕێکخراوێکی ئاشتیخوازانەی بێ توند و تیژی بووە. ئەو لە خێزانێکی بۆرژوا و سیاسی بووە، لە سەردەمی کۆمۆنیستدا لەبەر ئەو هۆیانە بۆی نەبووە درێژە بە خوێندنی بەرز و زانکۆ بدات. لە ساڵانی 1950 دا ناچاریان کردووە وەک یاریدەر لە تاقیگای کیمیاییدا بۆ ماوەی چوار ساڵ کار بکات. لە ساڵی 1954 بەشیوەیەکی زۆر نهێنی و دوور لە دەزگاکانی دەوڵەت لە کۆرسی ئێواران درێژەی بە خوێندنی ئامادەیی دا. لە دواییشدا هەر لە بەر هۆی سیاسی هیچ وەختێک کۆمەنیستەکان بروانامەی خویندنی ئامادەیشیان نەدایێ.
پاش بە ئەنجامدانی خزمەتی سەربازی لە " 1957ـ 1958" لە شانۆی " ئەبسوورد تیاتر" کاری کردووە. بەشێوەی"دیستانس"واتە بە بێ ئامادەبوون و نامەگۆڕینەوە لە " تیاتر ئەکادیمنین" لە پراگ خوێندوویەتی. لە ساڵی 1960وە وەک درامانووس لە شانۆی " باڵێ سترادێن" لە شاری پراگ کاری کردووە. یەکەمین بەرهەمی ئەو کە لەسەر شانۆ پێشکەش کرا شانۆنامەی "ئاهەنگی باخچە " بوو لە ساڵی 1963 کە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهینا و ئەو وەک درامانووسێکی جیهانی





ناسرا. هەر بە ماوەیەکی کەم درامای "مێموراندوومی" نووسی و پێشکەش کرد. لە بەرهەمە سەرکەوتووەکانی تری هاڤڵ وەک " فریشتەی پارێزەر" 1968 و " لارگۆ دێسۆلادۆ" یە، کە لە 1984 نووسویەتی.

ڤاتسلاڤ هاڤڵ لە درامای بەخزمەتگەیشتندا باس کەسایەتی فرێدینارد ڤانێکی ڕێلێگیرا و جوداخواز دەکات. کە لە زینداندا بەرەنگاری دەکات، ڕۆڵی هاڤڵ کە "سڤێن ئەلستریۆم" یاری دەکات. هاڤڵ لەبری ئەوەی بێکاربێت ناچار لە کارگەی نۆشەنی دەست بە کار دەکات، ڕۆژێک لەلایەن بەرپرسی کارگەکەوە بۆ نووسینگەکەی بانگهێشت دەکرێت و پێشنیازی بەرپرسی ئەو بەشەی کاری تێدا دەکات دەکرێت لە بەرامبەر ئەمەدا دەبێت هاوکاری پۆلیسی نیهێنی بکات و ڕاپۆرت لەسەر " ڤانێک" و هاوڕێ نووسەرەکانی بدات. تا ئەو ڕادەیەی کە ڤانیک دەستەمۆ بکەن و سەرکەچی سیاسەتی ولآت بێت. تیکستە شانۆییەکە باس لەو گرفتە ئەخلاقیە دەکات کە بۆ بەدەستخستنی کارێکی باشتر دەبێت کەسایەتی خۆی لەدەست بدات.

ڤاتسلاڤ هاڤڵ ئەم درامایەی لە ساڵی 1975دا نووسیووە، هۆی نووسینەکەش بۆ ئەوە بووە کە دڵخۆشی و ئارامی بداتە هاوڕێ نووسەرەکانی کە لە پاش بەهاری 1968وە هیچ هیوایەکیان بە پاشەڕۆژ وەک درامانووسێک نەمابوو. ئەم شانۆنامەی لەسەرەتادا زۆر سنووردار بووە و بە نهێنی لە ژوورەکانی ئاپارتماندا "شوقەکاندا" بۆ کەسانی زۆر کەم و ناسراو پێشکەش کراوە.

ساڵی 2008 بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو گەڕایەوە سەر درامای " وازهێنان" و ئامادەی کردەوە. ئەم تێکستە باس لە سیاسییەکی وەلانراو لە ولآتێکی نادیاردا دەکات و زیاتر باس لە بیرخستنەوەی ژیانی تایبەتی هاڤڵ خۆی دەکات و لە شانۆنامەی"بە خزمەتگەیشتن" باس لە نووسەر و ڕەخنەگرێکی ڕژێم "فێردینارد ڤانێک" دەکات کە ناچاری دەکەن لە کارگەی نووشەمەنیدا کاربکات.

***

*** بەرێز هاڤڵ کەمێک باسی بارودۆخی نووسەرانمان لەسەردەمی حوکمرانی ضیکۆسۆڤاکیا لە ساڵآنی 1960 و 70 مان بۆ بکە چۆن بوو؟**

ڤاتسلاڤ هاڤڵ : من نزیکەی ٢٠ ساڵ، لە ماوەی ساڵآنی 1970 و 80 دا نووسەرێکی قەدەغەکراو بووم، دراماکانم نە چاپ دەکران و نە پێشکەش دەکران. ساڵآنە لە تەک هاوڕێ نووسەرەکانمدا هەر وەرزەی جارێک لە هەوارگە هاوینەکەی خۆمان لە " هرادێک" لە دەوری یەکتر کۆدەبووینەوە و هەریەکە بەرهەمی خۆی دەهێنا و بۆ یەکترمان دەخوێندەوە. منیش جارێکیان شانۆنامەی "وازهێنان"م بۆ خوێندنەوە کە لە ڕۆژەکانی ساڵی 1975 دا نووسیبووم. ئەو کاتە لە ضیکۆسۆڤاکیا کارکردن ئیجباری بوو. بەڵآم من لە کارگەی نۆشەمەنیدا کارم نەدەکرد لەبەر ئەوەی من لە دەرەوەی ولآت کیتێبەکانم چاپ دەکران و شانۆنامەکانیشم پێشکەش دەکران و پارەیان بۆ دەناردم و پێی دەژیام. ئەمە بۆ من وەک دەرمانێکی دەروونی بوو، چونکە من لە ماڵەوە گۆشەگیر کرابووم، بۆم نەبوو هاوڕێکانم ببینم، یان لە شوێنە گشتییەکاندا دەرکەوم، لە هەمان کاتدا هاوڕێکانم بە زۆر کاری سەختیان وەک پەنچەرە سڕین، کاری ناو ماڵآن و کاری سەختی کارگەکانیان بەزۆر پێدەکردن. پاشان منیش ناچارکرام لە کارگەی نۆشەنی کە لە نزیک هەوارگەی پشوودانەمەوە کە دەکەوێتە باکووری چیک کار بکەم. لە و بارودۆخەدا توانیم کۆمەڵێک بەرهەم یەکێک لەوانە درامای" بەخزمەتگەیشتن" بنووسم.

*** چەند لە ئەزموونەکانی کەسایەتی خۆت لە دراماکانی " بەجێهێشتن" و "بەخزمەتگەیشتن" دەبینرێت؟**

ڤاتسلاڤ هاڤڵ : بێگومان ئەوانە باسي ئەزموونەکانی خۆم دەکەن. کاری درامی ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕیتالیزمی و ئەو بەها مرۆییانەیە لە هەر بارودۆخێکدا بێت.


*** پێت وایە کە ئەو مەسەلە بنەڕەتییانەی سەبارەت بە دەسەڵآت و چەوسانەوە کە لە شانۆنامەکانتدا ڕەنگدەدەنەوە تا ئیستاش واتە پاش بە دیموکراتکردنی ئەوروپای ڕۆژهەڵآت هەر درێژەی هەیە؟**

ڤاتسلاڤ هاڤڵ : ئەوە باشترە ڕەخنەگرەکان یەکلایی بکەنەوە. ئەگەر وابێت ئەوە بۆ من وەک درامانووسێک باشە، بەڵآم وەک هاوڵآتیەک ڕاڕاو و ئازارم دەدات. لە هەردوو دراماکەی مندا باس

لەو چەوسانەوەیە دەکرێت چ وەک سەرکار و چ وەک کرێکار. کە ڕەنگدانەوەی ئەو سیستێمە نەخۆشە بوو.

*** بەزەیت بەو سەرکارانەشدا دەهاتەوە؟**

ڤاتسلاڤ پاڤل: من لە بارودۆخەکەی ئەوانیش تێدەگەم و ئەوانیش چارەنووسیان بە ڕەشی مایەوە. شانۆنامەی "بەخزمەتگەیشتن" تا ساڵی 1989 بە ئاشکرا لە ضیکۆسلۆڤاکیا پێشکەش نەکرا. بەر لەوە لە چەند کەسێک زیاتر نەیانبینیبوو.



*** ئەوانە، دەسەڵاتداران چ ڕێگەیەکیان لە ساڵانی 1970 و 80 بۆ ڕاکێشانی بینەر بەکاردەهێنا ؟**

ڤاتسلاڤ هاڤڵ : نازانم کێ لەم بارەیەوە باشترە بدوێت، بەڵام بەرهەمەکانی من قەدەغەبوون و بەدرێژایی بیست ساڵ من هیچ بەرهەمێکی خۆمم نەدی لەسەر شانۆ بەئاشکرا پێشکەش بکرێت. نەک هەر ئەوەش بەڵکو من پاسەپۆرتیشم نەبوو کە سەفەری دەرەوەی وڵات بکەم و بەرهەمەکانم ببینم. من ئەم کارەساتە بۆ خوێنەرە لاوەکانی ئەمڕۆی ئەوروپا باس دەکەم کە ئەمە چەندە نەشیاوە. لە تەک هاوڕێکەم " پاڤێل لاندۆڤسکی" کە ئەکتەرێکی ناوداری چیکیە شانۆنامەکەم لەسەر کاسێت لای موزیکزانێکی ئاشنا کە تۆمارکەرێکی "تەجیلێکی" باشی هەبوو لە ڕۆژێکی پشوودا تۆمارمان کرد. کاسێتەکە لە ڕێگەی ئاشنایەکمانەوە بە قاچاخ و نهێنی بۆ وڵاتی سویدمان نارد. لەوێ بۆ یەکەمجار دوور لەوڵات لە ساڵی 1978 بڵاوکرایەوە، لەو ڕۆژە دژوارانەدا بەزمانی چیکی لە شاری ئۆپسالای سوید بڵاوکرایەوە. دووبارە بە قاچاخ گەڕایەوە چیکۆسلۆڤاکیا و لەسەر کاسێت بە نهێنی بڵاوکرایەوە. ڕۆژێک لە ئۆتۆمبێلی کوڕێکی لاودا بووم کاسێتەکەی خستە کار بۆ ئەوەی من گوێم لێبێت، بەڵام ئەوە سەیر بوو کە منی نەناسی و نەیزانی من هاڤێلم، ئەگەربیزانیایایە خاوەنی ئەو بەرهەمە منم نەدەگەیشتمە ماڵەوە چونکە پۆلیسی نهێنی هەمیشە بەدوامدا دەگەڕان.

*** چ گرنگیەکی هەبوو بۆ خۆت کە شانۆنامەکانت دوور لە چیکۆسلۆڤاکیا پێشکەش دەکران؟**

ڤاتسلاڤ هاڤڵ: پەیوەندی نێونەتەوەیی، هاوسۆزی و سۆڵیداری بۆ نووسەر زۆر گرنگە، هەر لە هەمان کاتدا لە چیکۆسلۆڤاکیای سەردەمی کۆمۆنیستیدا نووسەری قەدەغەکراو و زیندانکراو هەبوون . ئەو پشتگیریە نێونەتەوەییە زۆر گرنگە و لە زیندان کردن دەبەخشرێن و هەتا ژیانیشیان دەپارێزێت.

*** ئامادە دەبن لە شانۆی شاری ستۆکهۆڵم بۆ بینینی شانۆنامەکانت؟**

ڤاتسلاڤ هاڤڵ: نەخێر بە داخەوە، من خۆم بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێک ئامادە دەکەم، وەک ڕێژەسۆر" دەرهێنەر" دەمەوێت فیلمێک لەسەر دوابەرهەمم "وازهێنان" ئامادە بکەم، من لە خێزانێکی فیلم پیشەم. هەر لەسەردەمی منداڵیمەوە ئاواتم ئەوە بوو کە فیلمێک ئامادەبکەم ئەو ئومێدەم بە هۆی ئەو بارودۆخەوە بۆ نەهاتە دی. لە تەمەنی لاویمدا ڕێگەم پێ نەدرا لە زانکۆی فیلم بخوێنم، لەبەر ئەوەش مەحاڵ بوو کار لە فیلمدا بکەم، لەبەر ئەوە ئێستا ئەمەوێت ئەو ئاواتەی تەمەنی لاویم بهێنمە دی. هیوادارم بینەرانی سویدی لەم حاڵەتەی من بگەن و لێم ببوورن.

***

چەند مانگێک پاش ئامادەکردنی ئەم بابەتە لە مانگی خەرمانانی ٢٠١٠ وەک هەواڵی ڕووداوێکی کلتووری دەزگاکانی میدیای جیهانی بە ئامادەبوونی زۆر لە پەیامنێرەکانی وڵاتانی جیهان هەواڵی کۆتایی هێنان و ئامادەکرنی لە فیلمی "وازلێهێنان" کرا و ڤاتسلاڤ هاڤڵ ئەو ئاواتەی لە سەردەمی منداڵیدا خولیای بوو هێنایە دی.

لە 18 دیسەمبەری 2011 و لە تەمەنی 75 ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی شیرپەنجەی سییەکانیەوە ئەو نەخۆشیە کوشندەیەی کە چاندان ساڵ بوو تووشی بوو کۆچی دوایی کرد و هەموو جیهان بە مردنی نیگەران و دڵگران بوو.



# شانۆی فێمێنیستی

**نیهاد جامی**

شانۆی فێمێنیستی چییە؟ کەی سەریهەڵدا؟ میتۆدێکی تایبەتە یاخود ڕێڕەوێکی سۆسیۆلۆژیە بۆ شوناسی ژنبوون؟ پەیوەندی نێوان فێمێنیزم وەک فەلسەفەو شانۆ وەک هونەر لەچ ئاستێکدا شانۆی فێمێنیستی کۆیدەکاتەوە؟

ئەو دەمەی رووبەڕووی ئەو پرسیارانە دەبینەوە پێویستمان بەوە دەبێت تەواوی ئەو گومانانەمان بە پرسیار بگۆڕین، پرسیاریش بەتەنیا پرۆسەیەک نییە بۆ ڕزگارکردنمان لە گوناهێک، گوناهی شانۆیەک کە شانۆی پیاوە. شانۆیەک دەمانەوێ ژنی تیا بکەینە کۆیلەو سەرەنجام خۆشمان نەکەین بە بەرپرسیاری ئەو دۆخە، دۆخێک کە تراژیدیای شانۆ نییە، بەڵکو تراژیدیای عەقڵی پیاوەتییە لە نەستی منی شانۆکاردا، ئەو منە پەیوەست نییە بە خودێکی دەست نیشانکراوی شارێک یا گروپێکەوە، بەڵکو خودێکی کولتوری ناو پێکهاتەی گوتاری شانۆی ئێمەیە.

گەڕانەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی فێمێنیستی پرۆسەی ئینتیماکردنەوەیە بۆ یادەوەری شانۆ. بەرەو لای کاراکتەرە گریکییەکان، لێرەدا دەتوانین ئەنتیگۆنا بە یەکەم فێمێنیستی ناو شانۆ بزانین، هەڵبەت جگە لەو ژنی تر هەبووە لەناو شانۆگەریە گریکییەکان، بەڵام دەست نیشان کردنی ئەنتیگۆنا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاخی بوون و هەڵسانەوەیە کە بەدژی پیاو دەوەستێتەوە کە جۆرێکە لە سەرکێشی بۆ خولقاندنەوەی هێز، ئەوە تەواو جیاوازە لە کاراکتەرەکانی تری ژن لەو شانۆیە، بەواتای ئەنتیگۆنا ژنێکە نایەوێ شوناسی شەرەف بگەڕێنێتەوە، بەڵکو بەدژی هەموو شوناسێک دەوەستێتەوە، چونکە دەزانێ ئەوەی هەیە چەمکی مرۆڤبوون پیاو لاقەی کردووە، لێرەدا جیاوازی ئەو کاراکتەرە لەگەل ژنەکانی تری گریکی دەبینین، ئەو نایەت وەک فیدرای تێکستی (هیبۆلیتن) بکات تەواوی چارەسەرییەکان لەخۆکوشتنی خۆی ببینێتەوە، هەڵبەت زۆربەی ئەو تێکستانەی وابەستەی کێشەی ژنە لەشانۆی گریکی زۆرجار پەیوەستە بە مەسەلەی سێکس و شوناسی شەرەف، بۆیە ژنەکان خۆیان دەکەن بە قوربانی هەرچەندە وەک کاراکتەری سەرەکی ناو شانۆگەرییەکان دەیانبینین، بەڵام دواجار ئەوان دەستبەرداری ژنبوونی خۆیان دەبن بەتایبەت لەتێکستەکانی یۆرپیدس کە بەلای ڕەخنەگر تۆسۆن هەرسێ تێکستی (هیبۆلیتن، ئاگا مەمنون، ئۆرێست) بەو تێکستانە دادەنرێن کە "وزەی سێکسی مێیەتی بەمەترسی دەبینرێت نەک بەتەنیا لەسەر ئابرووی خێزانی گریکی، بەڵکو لەسەر ئاسایشی دەوڵەت و تەواوی بوونی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە دەبێ ملکەچی ئەو وزەیە بکرێت و وەک بەشێک لە سیستمی نێرایەتی سروشتی ڕێبکخرێتەوە"(1)

لەم ڕوانگەیەوە ئێمە دەتوانین سەرەتای لەدایکبوونی ژن لەشانۆ بدۆزینەوە، بەڵام ئەمە شانۆی فێمێنیستی نییە، بەڵکو ئامادەبوونی ژنە بەبێ ئیشکردنی تیۆریی، ئەوە تەنیا وەک بنەمای سەرهەڵدانییەتی لە تێکستە کلاسیکییەکاندا کە ئەنتیگۆنا وەک یەکەم فێمێنیست ئەناسین، هەڵبەت ئەو ناسینە بۆتە هۆی ئەوەی فەیلەسووفێکی وەکو نیتچە بێزار بکات "چونکە پێی وایە کاراکتەرەکانی (ئەلیکتراو ئەنتیگۆنا) ئەو ژنانەن تەنها لەئەدەبدا قەبووڵ دەکرێن، لە واقیعدا کەس ئەو کەسایەتییانەی قەبووڵ نییە، چونکە بەلایەوە ژنان زیاتر بەلای لەزەتدا دەچن و ناپاکی لە ژیانی هاوسەرێتی دەکەن، بۆ خۆ بەدوورگرتنیشیان دەبێ سکیان پڕبێت و منالیان ببێت، لە دەرەوەی پرۆسەی منال بوون ژن بە کەسانی دڵ ڕەق و قێزەون دەبینێت"(2)

ئەگەر بنەمایەکی ئەم شانۆیە لەناو تێکستە کلاسیکییەکانەوە بوونی هەبوو بێت، بەڵام شانۆیەکی فێمێنیستی نەبووە، هێندەی کاراکتەری ژن بەدژی ئەو ستەمەی ناو ژیار وەستاوەتەوە، بەواتای ژن لەناو شانۆی پیاودا ویستوویەتی دەنگی هەبێت، بەپێی قۆناغ و سەردەمەکان ژن دەبێتە ئەو کاراکتەرەی بەشێوەی جیاواز دەیناسین، لەلای سترێندبێری ژن ئەو مرۆڤە خۆپەرستەیە کە نەک بەدژی ڕەگەزی بەرامبەر کار دەکات، بەڵکو زۆر جار لەدژی ڕەگەزەکەی خۆشیدا دەردەکەوێت، ئەوە هیچ پەیوەندیی بە شانۆی فێمێنیستیەوە نییە هێندەی ڕاڤەیەکی دەروونینیشکاریانەی سترێندبێریە بۆ ژن، بەڵام لەپاڵ ئەوە لەلای ئەپسن ئێمە رووبەڕووی حاڵەتێکی یاخی بوون دەبینەوە کە نورا لە ماڵی بووکەشووشە بەسەر هیلمەری مێردی یاخی دەبێت، چونکە نایەوێ چیتر شوناسی لەناو ماڵ شوناسی مرۆڤێکی کۆیلە بێت کە وەک بووکەشووشە سەیر بکرێت، هاتنە دەرەوەی نورا لە ماڵ سەرەتایەکە بۆ ئازادبوون، چونکە ئەو لەنێوان ماڵی باوان و ماڵی مێرد بەتەنیا زیندانەکانی

گۆڕیوە نەک سیستمی ژیان.
ژنەکانی شکسپیر هەریەکەیان بەشێوەیەک ڕەفتار دەکەن، بەڵام ئەوان زۆرجار بوونەتە قوربانی خۆشەویستی و پلانەکانی پیاو، کە لە بنەڕەتدا دەبێتەوە کوشتنی خەون و زیندەگی ژن وەک مەرگی دەزدەمونە بەدەستی ئۆتێللۆی خۆشەویستی کە لەبنەڕەتدا پلانێکی یاگۆیەو دەستەسرێک دەکرێتە بیانوو، مەرگی جۆلێت لە رۆمیۆو جۆلێت و شێتبوونی ئۆڤیلیاو بوونە قوربانی لە هاملێت دیارترین نموونەی ئەو حاڵەتەیە، ئەگەرچی لیدی ماکبێس تەواو جیاوازە.
ئێمە لەبەرامبەر ئەو کاراکتەرە خەونی ژنانە بۆ وەدەسکەوتنی دنیا دەبینین، لێرەوە دەتوانین لیدی جیا بکەینەوە نەک بەتەنیا لە ژنەکانی شکسپیر، بەڵکو لە ژنەکانی تری کلاسیکی و تێکستە مۆدێرنەکانیش، چونکە ئەو دەنگی ژنێک نییە لە شانۆدا، بەڵکو دەنگێکی ژنانەیە بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەنتیگۆناو جۆکاستاو ئۆڤیلیاو دەزدەمونە و ئەوانیتر.
ئەگەر لەناو تێکستەکانەوە ئەو ژنانە بەدی بکەین کە دەنگی ئەوان دەنگێکە بۆ خەونی ڕەگەزی، بەڵام ئەو خەونە نەبۆتە هۆی ئەوەی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی بنیات بنێت کە ببێت بە شانۆیەکی فێمێنیستی.
تا حەفتاکانی سەدەی بیستەم شانۆیەکمان نییە تایبەت بێت بە ژنەوە ئەگەرچی زۆرجار تێکستەکان ژنەکان دەکەن بە تەوەری شانۆگەرییەکانیان، بەڵام تا ئەو شوێنەی نابێتە دەنگێک بۆ شانۆیەکی تایبەت بەواتای نەبۆتە شانۆیەک هەڵگری خەونی ڕەگەزی بێت، بوونی کارگەکان و ژنانی کرێکار لەلایەک و لەلایەکیتر ئامادەبوونی گوتاری مارکسیانە لەناو چینی کارگەر هۆکارێک بووە بۆ بیرکردنەوە لە شانۆیەک کە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە بێت.
بۆیە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەریتانیا ئەو وڵاتەیە کە ئەو شانۆیە یەکەم بنەما تایبەتییەکانی خۆی تیایدا دروست بکات بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی کە گوزارشت لە پێداویستییەکان و مافەکانی ژن بگرێتە خۆی لەڕووی یەکسان بوونی بەرامبەر بەپیاو و ڕزگاربوون لەتوندوتیژی سێکسی و پاراستنی مافەکانی وەک مرۆڤ، گروپی تایبەتی شانۆییش دروست دەکرێت تەنانەت شانۆگەرییەکانی شکسپیریش لەدیدی فێمێنیستیەوە سەر لەنوێ نمایش دەکرێتەوە.
دیارترین ئەو تیپانەی لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو شانۆیە دەرکەوتن و توانیان کاریگەری تایبەتی خۆشیان لەسەر شانۆی فێمێنیستی دەست نیشان بکەن (تیپی مۆنستراس ڕیگمێنت) کە بە بەشی سەربازی درندە دەرکەوتوون، دەرهێنەری نمایشەکانیشیان رۆبرتا سکلارە، لەڕێگەی کارەکانیانەوە هەوڵیداوە "شانۆی ژن شوناسی خۆی دروست بکات لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ دارشتنەوەی پەیوەندیی سوونەتی نێوان ئەکتەرو بینەر، بەو پێیەی کرداری شانۆیی بریتییە لەکۆمەڵە قۆناغێکی تەواو بۆ وروژاندنی ئاگایی ڕوویەکی ئەو پەیوەندییە" (3)
دواتر شانۆی ئینگلیزی دەرهێنەرێکی تری فێمێنیستی بەخۆیەوە بینی کە دەیویست لەڕوانگەی کولتووریی ئینگلیزیەوە کێشەی ژن بخاتە ناو شانۆوە ئەویش (جێلیان هانە) بوو، هەر لە ڕوانگەی ئەم دیدە کولتوورییەوە ئیتاڵیا شانۆنووسێکی تیا هاتە بوون کە (داشیا مارینی) بوو، تێکستێکی نووسی و لەلایەن تیپی مۆنستراس ڕیگمێنت نمایشکرا، تێکستی نمایشەکە بریتیە لەگفتوگۆی سۆزانییەک لەتەک کڕیارێکی لەشی، ئەو گفتوگۆیە لەدەرەوەی تێکستی نووسراویش جۆرێک لە ئیرتیجال دەخوڵقێنێت، واتە نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتەرەکان بەشداری لە بنیاتنانی نمایش و نووسینەوەی تێکست دەکەن، لەم نمایشەدا "شانۆ نابێ بە شانۆیەکی ڕوونکردنەوەیی وەک چۆن ناشبێت بە شانۆیەک بۆ وروژاندنی ئاگایی، بەڵکو هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی پێناسی پەیوەندیی نێوان شانۆو نا شانۆ بە شێوەیەکی نوێ، شێوەیەک هاوڕا بێت لەگەڵ ئەزموونی ژیانی پارچەکراو کە ژن ناسیویەتی، ئەوەش لەبری ئەزموونی بەردەوامی ڕێبازی تاکایەتی وەک پیاو ناسیویەتی"(4)
بە واتای ئەو شانۆیە لەگەڵ سەرهەڵدانی ستراتیژەکەی بەڕوونی دەردەکەوێت، ئەویش خوڵقاندنی سیستمێکی تازەی ژیانە، بەڵام با ئەوەمان بیر نەچێت وەک هەمیشە ڕەخنەگران ئاماژەی بۆ دەکەن، کە شانۆی فێمێنیستی لەشانۆی ژن جیاوازە، هەندێکجار ئەو دووانە بەیەک شێواز ناویان دەبردرێت، بەڵام بەلای ڕەخنەگرانی شانۆی فێمێنیستی و تیۆریستەکانی ئەو بوارە ئەوە هەڵەی تێگەیشتنی ئەوانەیە کە بەیەک ناو ئاماژەی بۆ دەکەن.
ئەم دوو شانۆیە هەردووکیان ژن تیایدا دەردەکەون، بەڵام تەنیا لە ڕووکەشدا شانۆیەکی لەیەکچوون دەنا دوو شانۆی جیاوازن، شانۆی ژن شانۆیەکە ژن تیایدا ئامادەبوونێکی پتەوی هەیە لەڕووی هونەرییەوە، هەرچی شانۆی فێمێنیستیە شانۆیەکە سەرباری ئامادەبوونی ژن وەک کائینێکی شانۆیی ئامادەبوونێکی فیکری قووڵیشی لەپشتەوەیە بۆ داکۆکیکردنی ڕەگەزی.
هەندێک لە ڕەخنەگران ئەو شانۆیەی تەواوی کارمەندەکانیشی ژنە ئەو شانۆیەش بە شانۆی فێمێنیستی نازانن، بەڵکو زۆرجار ناوی دەبەن بە شانۆی ژن نەک شانۆیەکی فێمێنیستی "چالاکی شانۆییە تیپێکی شانۆیی پێی هەڵدەستێت کە ژنان بەڕێوەی دەبەن، تەنانەت تاوەکو پێکهاتەو بینەرەکانیشی تێکەڵەیەک بێت لەهەردوو ڕەگەز، کەبەسەر بەرهەمهێنانی نمایشەکانیش ئەوانە زاڵ بووبن بەسەریدا کە ژنانی نووسەرو دەرهێنەر پیشەکار بن" (5)
هەرچی شانۆی فێمێنیستیە بەوە لەو جۆرە شانۆیەی ژن جیا دەکەنەوە کە شانۆی فێمێنیستی بەدژی ئەو گوتارە نێرایەتیە دەوەستێتەوە وبونیادە سۆسیۆلۆژیەکانی ئەو شانۆیە سەراوژێر دەکات لەپێناو بنیاتنانی شانۆیەک کە زادەی عەقڵ ومەعریفەی ژن بێت لەهەردوو ئاستی شانۆیی وفیکرییەوە.
لەم ڕوانگەیەوە ئەوە دەدخەینە ڕووکە شانۆی فێمێنیستی شانۆیەکە لەپێناو گەڕانەوەی شوناسی مرۆڤبوونی

ژن، بەڵام ئەو دەمەی ژن لە شانۆکەیدا گرفتی لەم شوناسەو ئامادەبوونی وەک خودێکی مرۆیی نییە دەشێت ئەوە بە شانۆی ژن ناوبەرین شانۆیەک کە لە شانۆی فێمێنیستی جیای بکەینەوە، دیارترین نمونەش شانۆی ڕۆژی ئاریانا مینۆشکین شانۆیەکی بەرهەمی عەقڵی ژنە، بەڵام شانۆیەکی فێمێنیستی نییە، کەچی شانۆگەری (ماڵی بەرنادا ئەلبا) ی لۆرکا تێکستێکە بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی، ئەم شانۆیە شوناسی ژنبوون وەک ڕێڕەوێکی سۆسیۆلۆژی دەبینێت چونکە کولتورو زمان دوو چەمکی سەرەکی ئەو شوناسەن، کە بەشداری لە خولقاندنی پەیوەندیی فەلسەفی شانۆیەک دەکەن کە لەبنەڕەتدا چەندە ئینتیما بۆ تیۆرە شانۆییەکان دەکات بەهەمان شێوەش بەرەو سەرچاوە سەرەکیەکانی فێمێنیستی دەگەڕێتەوە، ئەو پاڵپشتیە فیکریە بۆ تێکستی فەلسەفی وای لێ دەکات چارەسەری بۆ شوناس لەڕوانگەی سیمیۆن دی بۆفوارو جۆلیا کریستیفاو هیلێن سیکسۆس و لۆرا کیپنزو فێمێنیستەکانی تر جۆرێک لە جیاوازی بێنێتە بوون، بەواتای شانۆی فێمێنستی شانۆیەکی هەڵگری گوتاری جیاوازیە، جیاوازی لەو دیدەی کە پرسیار بێنێت و مەعریفە ڕووبەرووی گومان بکاتەوە.

**شانۆی فێمێنیستی و کولتورە جیاوازەکان**

شانۆی فێمێنیستی دیدێکی تاکرەهەند نییە بۆ نمایشی شانۆیی، بەڵکو شانۆیەکە کولتور تیایدا جێمۆرکی خۆی لەسەر نمایش بەجێ دێڵێت، ئەو دیدە کولتوریە بۆ ئەو شانۆیە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە ئامادەبوونی هەبووە، ئامادەبوونێک بۆ فێمێنیستانی شانۆ توانیان لەڕوانگەی کولتورەوە نهێنی ئەو پەیوەندیە سۆسیۆلۆژیەی نێوان ژن وشانۆی تیا کەشف بکەن.

ئەوەش وای کرد کولتورە جیاوازەکان ڕوانین ودیدی جیاواز بۆ شانۆی فێمێنیستی بخەنە ڕوو، ئەو جیاوازبوونە کولتوریەش بەرەنجامی ئیشکردنەوەی سۆسیۆلۆژیانەیە لەسەر ئامادەبوونی شانۆکار لەو کولتورەدا، کە یادەوەری کولتوری ئەو لە (منی شانۆکار) دەیگۆڕێت بۆ (خودێکی کولتوریی) بەواتای ئەو شانۆکارێکی کولتورییە، چونکە جەستەی ئەو هەڵگری ئەو کولتورەیە کە ئیشی تیا دەکات، ئەوەش وادەکات کولتور بکات بە زەمینەی ئیشکردنەوەی لەشانۆدا، لێرەوە شانۆ وەک هونەرو ژن وەک کائینێکی کۆمەڵایەتی ستراتیژی شانۆکە دەخاتە ڕوو بەوەی شانۆیەکی سۆسیۆلۆژیە.

بۆیە ئەو دەمەی لەسەر شانۆی فێمێنیستی بدوێین، ئەگەر خاوەنی وێنەیەکی ڕەها نەبووین بۆ ئەو شانۆیە ئەوە نەنگی ئەو شانۆیە نییە بەقەد ئەوەی پەیوەستە بەو فرە ڕەهەندیە کولتوریەی ئەو شانۆیە ئامێزی بۆ کردۆتەوە، بۆیە شانۆی فێمێنیستی هەر شوێنێک سەرباری ستراتیژی تیۆرە فەلسەفیەکە، بەڵام ئیشکردنەوەو دەربڕین وگرفت وکێشەکانی بەرەنجامی کێشە کولتوریەکانییەتی کە ڕەگ و ڕیشە کولتوریەکانیشی لەڕۆحی کۆمەڵگاکەیەوە



سەری هەڵداوە، لێرەدا ئەگەر نموونە بە شانۆگەری (خشکسالی ودروغ) ی نووسەرو دەرهێنەری ئێرانی محەمەد یەعقوبی بێنینەوە، دەبینین لەڕووی بابەتەوە ئەم نمایشە بابەتێکی تازە ناخاتە ڕوو، بەوەی پیاوێک لە ژنی یەکەمی جیا دەبێتەوەو ژنی دووەم دێنێت، بەڵام ژنی یەکەمی هەر هۆگری پیاوەکەیەتی و پەیوەندیی پێوە دەکات و دەیەوێ ببینێت ئەو بینینە ژنی دووەم هەراسان دەکات بە ئاستی ئەوەی ئیرەیی ڕەگەزی لەگەڵ مێردەکەی مەحکومیان دەکات بە وابەستەبوونی یادەوەری، ئەو یادەوەریە گرنگی نمایشەکە دەخاتە ڕوو دەنا بابەتەکە ئەو گرنگیەی نابێت، بەڵام یادەوەری لەڕێگەی تەکنیکی گەڕانەوەی زەمەنی وادەکات گرنگی تایبەتمەند بەم نمایشە ببەخشێت.

یادەوەریەک دەرهێنەر لەڕێگەی بەشداریکردنی زەمەنی لەنێوان ئێستا (ژنی دووەم) و ڕابردوو (ژنی یەکەم) دیمەنەکان بەدوای یەکدا دێنێت، سەرەنجام بۆ کۆکردنەوەی هەردوو زەمەنەکە هەردوو ژنەکە لەگەڵ هاوسەرەکەیان و برای ژنی دووەم لەماڵەوە بەدیار سەیرکردنی تەلەفزیۆن وباسکردنەوەی کێشەکانیان دیمەنەکان دەگێڕنەوە کە لە بنەڕەتدا ئێمەی بینەریان کردووە بە تەلەفزیۆنەکە، بەڵام ئەوەی ئەوان باسی دەکەن چیرۆکەکانی لەلای ئێمە نییە، بەڵکو ژیانی خۆیانە، ئەو بینینەی ئێمە بەخۆیان و ئاوێتە زەمەنییەی نێوان ژنەکان وای کردووە ئەو ڕوانینە فێمێنیستیە بەرەنجامی کولتوری ئێرانی و ئاینی زەردەشتی و ئەو ئاکارە ئیسلامیە بێت کە کۆمەڵگای ئێرانی لەنێوان یادەوەری ئەو وەک مرۆڤی زەردەشتی و ئێستای وەک ئیسلام بەیەکدا بچن، ئەگەر ئەم نمایشە بۆ بینەری کولتورێکی غەیرە ئێرانی پرسیاری تر بگرێتە خۆی، ئەو دیدە فێمێنیستیە لاواز سەیر بکەین، بەڵام ئەوە بەرەنجامی ئەو کولتورەیە شانۆکەی بەو ئاستە بەرهەم دێنێت.

بۆیە بەجیا لەو فۆرمە ئێرانییە کە دەشێت نموونەیەکی ڕۆشنی هەوڵ وتەقەڵلاکانی شانۆی فێمێنیستی ئەو

کولتورە بێت، ئێمە هەوڵ ئەدەین لەڕوانگەی سێ کولتوری جیاوازیترەوە لەسەر شانۆی فێمێنیستی بووەستین ئەوانیش سێ کولتوری جیاوازو نامۆ بەیەکتر کە سویدی و هیندی و عەرەبین، کە هەر یەک لەو دیدگا شانۆییانە جیاوازی کولتوریی تایبەتمەندی گرتۆتە خۆی، ئەو جیاوازە کولتوریانە بوونە بە خەسڵەتی تایبەتمەندی شانۆی فێمێنیستی کولتورە جیاوازەکان.

**شانۆی فێمێنیستی سویدی**

دەرکەوتنی شانۆی فێمێنیستی سویدی دوو هۆکاری گرنگی لەپشتەوە وەستاوە یەکێکیان ئەو گەشەسەندنە کولتوریەی ئەو کۆمەڵگاییە کە بانگەشەی بۆ یەکسانبوونی ڕەگەزی دەکرد، نەک تەنها لەڕووی یەکسانبوونی مافەکانیان بەڵکو لابردنی ئەو هەموو زەبروزەنگ وتوندوتیژیەی کەلەسەر ژن بوو، ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی وابکات بیر لە شانۆیەک بکرێتەوە کە تەواوی بەرهەمهێنەرانی بریتی بن لە ژنان، واتە شانۆی ژن بێت، بەر لەوەی بڕوات بەرەو شانۆیەکی فێمێنیستی، بەڵام ئەو هۆکارەیتر کە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو ئەو ڕەخنانەی سترێندبێری بوو لەشانۆی سویدی کە وێنەیەکی خراپی بۆ ژن خستبووە ڕوو، بەتایبەت لە تێکستەکانی (کەڵک، سۆناتای تارمایی، خاتوو ژۆلیا)

بۆ گۆڕینی ئەو وێنەیەی سترێندبێری بۆ ژنی سویدی وێنەی کێشابوو، بیرکردنەوە لە شانۆیەکی فێمێنیستی کە هەڵگری خەونی ژن بێت، دەبێتە خولیای ژنانی شانۆکاری سویدی، بۆیە ئەو شانۆیە هەر زوو لە شانۆی ژنەوە دەپەڕێتەوە بۆ شانۆی فێمێنیستی، چونکە شانۆیەکە خاوەنی پڕۆژەیەکی ڕەخنەییە، ڕەخنەگرتنە لە عەقڵیەتی ئەو کولتورەی هەناوی کۆمەڵگا کە پیاو بۆ ژن وێنای کردووە.

ئەوەش وایکرد خێرا نووسەرو دەرهێنەری ژن دەربکەوێت، بەپێی ئارگۆمێنتە مێژووییەکان سەرەتای ئەو هەوڵانە لەحەفتاکان بۆ شانۆگەری (کچانی مەسیح) دەگەڕێتەوە، تێکستی شانۆگەریەکە لەلایان ژنە نووسەر مارگریتا کاربی نووسراوەو لەلایان ژنە دەرهێنەر سۆزانە ئۆستن بۆ شانۆ دەرهێنراوە، هەڵبەت ئەم شانۆگەریە ئەگەر نەچێتە ناو شانۆی فێمێنیستی، بەڵام لەهەوڵە بەراییەکانی شانۆی ژنی سویدیە.

بەپێی ئەو گەشەسەندنە کولتوریە ئەو شانۆیەش گەشەی ئەکرد، باخ وشوێنی حەوانەوەی نوێ بەشێک بوون لەو گەشە سەندنە کولتوریە. شانۆی ژنەکانیش دەیویست لەگەل ئەو گەشە سەندنانە بێتە ناو ژیانی ڕۆژانەوە، بۆیە بەریەککەوتنی ئەکتەرەکان لەگەڵ بینەر پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ بوو کە دەیالۆگی لەنێوان ئەو دووانە دەخوڵقاند، ئەوەش مانای وانەبوو کە شانۆیەکە تەنیا گرفتی ژیانی ڕۆژانە بێت، بەڵکو زۆرجار لەڕێگەی زمانی جەستەو ئاماژەوە کارەکان خراونەتە ڕوو، یاخود بەرەو تێکستەکانی شانۆی گریکی گەڕاونەتەوە، لەوانە شانۆگەری (لیستراتا) ی



ئەریستۆفانیس لە دەرهێنانی جۆدیت هۆلاندەر.

وێنەی ژنی سویدی لەنمایشەکانی ژنانی شانۆکاردا بەرەنجامی کولتوری ئەو کۆمەڵگاییە، بۆیە ئەو دەمانەی بەرەو ناو تێکستە کلاسیکیەکانیش دەگەڕێنەوە، دارشتنەوەو چارەسەرکردنەکان بە ئێستاکردنی کۆمەڵگایە، بۆیە بەو گەشەسەندنەی شانۆی فێمێنیستی سویدی وای لێهاتووە شانۆیەک نەبێت تایبەت بۆ توێژێکی دیاریکراو هێندەی شانۆیەکە گوتارە شانۆییەکەی سویدیش دەخاتە ژێر هەرەشەیەی خۆیەوە بەوەی هەندێک ئاماژەی ئەوە دەکەن تێکستە شانۆییەکانی تیریزا ئیلینا لەئاستی تێکستە شانۆییەکانی لاش نۆریندایە.

هەڵبەت ئەوەش بەرەنجامی ئەو کولتورەیە کە بۆ لابردنی زەبروزەنگ نەهاتووە ڕەگەزەکان لەیەکتری جیا بکاتەوە، بەڵکو ڕەگەزەکان لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە بەرەو پڕۆژەی هاوبەشی ڕەگەزەکان ڕۆیشتووە، ئەوەش وای کردووە ژنێکی وەکو ئۆسا کالمەر کە بووە بە یەکێک لە دەرهێنەرە ناسراوەکانی شانۆی فێمێنیستی بەتەنیا لەتەک ژندا کاری نەکردووە، بەڵکو ئەو وەک یاریدەدەری دەرهێنەری ناسراو ئینگمار بێرگمان کاری کردووە، کە بێرگمان بەر لەوەی ڕوو بکاتە سینەما یەکێک بووە لەدەرهێنەرە دیارەکانی شانۆو زۆرجاریش ئیشی لەتێکستەکانی سترێندبێری کردووە، هەڵبەت ئەو گەشەسەندنە بەتەنیا بەرەنجامی تێکەڵبوونی کارکردن نەبووە لەتەک ڕەگەزی بەرامبەر، بەڵکو ئیشکردنەوە بوو لەتەک کولتورەکانیتریشدا بەتایبەت ئەو پەناهەندانەی هەر لە منالیەوە تێکەڵی کولتوری سویدی بوونە لەوانە نوسەرو دەرهێنەر فرناز ئەربابی کە لەتەمەنی سێ سالیەوە لەگەڵ خانەوادەکەی ئێران بەجێ دێلن ڕوو دەکەنە سوید و دەبێتە یەکێک لەناوەکانی ئەم شانۆیە "تەواوی کارەکانی لەنێوەندە ڕۆشنبیرییەکە وشانۆی سویدی سەرکەوتنی وەدەست هێناوە، شانۆگەری (پەلاماردان یاخود قەڵاچۆکردن) ی بۆ تیپی شانۆی شاری ستۆکهۆڵم ڕەزامەندی ڕەخنەگران وبینەرانی سویدی وەدەست هێنا" (6) ئەو خانمە بە ڕەگەز ئێرانییە کێشەی پەناهەندەیی

و گرفتەکانی ژن لە کۆمەڵگای دووەمدا بۆتە خەمی ژنانەی و ئاوێتەی شانۆکەی بووە.
هەروەها یەکێک لەو ژنانەی تر کە لە شانۆی فێمێنیستی سویدی ئاماژە بۆ ڕۆڵی دیارییکرێت نووسەرو ئەکتەر نیستی ستێرکە کە بە ڕەگەز کوردەو خەڵکی کوردستانی تورکیایە بەتایبەت بە شانۆگەری (ژینۆ) کە وەک نووسەرو ئەکتەر تیای دەرکەوت، ئەم نمایشە باس لە "گێڕانەوەی ژیانی خانمێکی کورد دەکات کە خاوەنی کولتورێکی تایبەتە، ڕووبەڕووی کولتوری ئەویتری نامۆ دەبێتەوە" (7)

**شانۆی فێمێنیستی هیندی**

فێمێنیزم لە شانۆی هیندی خاڵی نەبووە لەو هۆکارانەی کە کولتورەکانیتر هەڵیگریبوونە، هێندەی ئیشکردنەوەی لەناو کولتوری هیندی بۆتە هەڵگری پرسیاری جیاواز، هەڵبەت بوونی ژن لەشانۆی هیندی ئامادەبوونێکی ڕواڵتخوازانە بووە تا ئەو دەمەی ماڵئاوایی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەکەن، شانۆی هیندی هاوکات لەگەڵ مێژووی ئەزموونی شانۆکانی دنیا ئاشنا دەبێت بە گوتاری ئەزموونگەری لە شانۆدا، شانۆی فێمێنیستیش وەک ڕەوتێکی ئەو ئەزموونکاریەتە دەردەکەوێت.
شانۆی فێمێنیستی هیندی هەڵگری دوو بونیادە بۆ گوتاری پێکهاتە ئەوانیش تێکست وەک بابەتێکی کۆمەڵایەتی وجەستەی ژن وەک ئامادەبوویەکی ناو شانۆ، بەواتای ژن لەم شانۆیەدا ئامادەبوونی ڕەگەزیە لەناو کۆمەڵگادا، ئەوەش وای کردووە شانۆی فێمێنیستی هیندی شانۆیەکی سۆسیۆلۆژی بێت، هەڵگری کولتورو ئەفسانەو ئاین بێت، هەڵبەت لەم شانۆیەدا تەنیا ژنەکان دەرهێنەر نەبوون، بەڵکو بەشێک لە دەرهێنەرانی پیاویش کاریان بۆ ئەو شانۆ فێمێنیستە کردووە، ئەوەش یەکێکە لە خەسڵەتە جیاوازەکانی شانۆی فێمێنیستی کولتوری خۆرئاوایی.
ئەم شانۆیە هەنگاوەکانی لەسەرەتاوە لەڕێگەی تێکستە جیهانییەکانەوە بوو، بۆ ئەوەش هەوڵیان دەدا کاراکتەرە ژنەکانی وەکو نورای ماڵی بووکە شووشە لە شێوەی شانۆی مۆنۆدرامی بخەنە ڕوو، بەم دواییەش ڕووکراوەتە ڕۆمانەکان و بۆ شانۆ ئامادەکراوەتەوە، وەک ئامادەکردنەوەی ڕۆمانی (ئۆمراد) ی محەمەد هادی ڕوساو، بابەتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە لەبارەی کەسێتی ژنێکی سۆزانییە کە ژنی تیا وەک جەستەیەکی سێکسی خراوەتە ڕوو، کە بۆتە ڕەمزی قوربانی وجوانی بایەلۆژی، ئەگەرچی "ئەوەش ناگات بە ئەنجام تەنیا بە گێڕانەوە نەبێت، کەسێتیەکە گەیشتۆتە ناوەڕاستی تەمەن، ڕۆڵی سۆزانیشی بەشێوەیەکی ئەفسانەیی خستۆتە ڕوو" (8)
بۆیە لەشانۆی فێمێنیستی هیندیدا هەمیشە جەختکراوەتەوە سەر ئازادبوونی ژن ومەسەلەی سێکس وژن وڕوانینی پیاو بۆ ژن تەنیا وەک جەستەیەک و فەرامۆشکردنی ڕۆحی ژن تەوەری سەرەکی ئەم شانۆیە بووە.

**فێمێنیزم لە شانۆی عەرەبیدا**

ئەو دەمەی باسی فێمێنیزم لە شانۆی عەرەبی دەکەین، دەبێ ئەوە بەهەند وەربگرین کە کۆمەڵگای عەرەبی ڕێسای ژیان ڕێسای بیابان بووەو بوونی ئاینی ئیسلامیش زادەی ئەو کولتورەیە کە مرۆڤی عەرەبی لەسەر پەروەردە بووە، واتە چ وەک نەتەوەو چ وەکو ئاین نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە کولتوری عەرەبی بەردەوام ئیشی لەسەر بەربەست دروستکردن کردووە بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی، هۆکارەکەشی ئەو کولتورە بووە کە دیدێکی گۆشەگیریی بۆ ئاکارو بیرکردنەوە خوڵقاندووە، ئەوەش بۆتە دامەزراندنی شوناسی مرۆڤێکی عەرەبی موسوڵمان، بەڵام ئەو دەمەی بیرکردنەوە لە شانۆیەکی فێمێنیستی دەبێتە خەون بۆ ڕزگاربوون لەو عەقڵیەتە ئەوە مانای وایە پرۆژەیەک هەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری عەقڵی گۆشەگیر.
هەڵبەت بۆ گەیشتن بە شانۆیەک کە ژن تیایدا خاوەنی شوناس بێت دەبێت سەرەتا لە هەڵوەشاندنەوەی شوناسی مرۆڤ وەک پیاو دەست پێبکرێت، ئەو شوناسە لەدەرەوەی ئاینەوە بخوێنرێتەوە ئاین و ڕێساو کولتور تێکبشکێنرێ و لە ڕووبەڕی ناتەبادا ژن بنووسێتەوە، ئەو نووسینەوەیە سەرەتای لەدایکبوونی فێمێنیزمە لە شانۆی عەرەبیدا.
دەرکەوتنی فێمێنیزم لە شانۆی عەرەبیدا سەرەتا پیاوان ئەو هەوڵانەیانداوە لەهەندێک تێکستی شانۆیی بۆ نموونە تۆفیق حەکیم ویستویەتی قسە لەو جەورو ستەمانە بکات کە لەسەر کاراکتەرە ژنەکاندایە، بەڵام سەرەتای کارکردنی ڕاستەقینەی ژنی عەرەبی بۆ ئەو شانۆیە شانۆیەک ژن بەرهەم هێنەری بێت لەڕێگەی نووسینی تێکستی شانۆیی بووە، ئەو دەرکەوتنەوە هەوڵێک نەبووە بۆ نووسینەوەی شوناسی ژنبوون، هێندەی نووسین پرۆسەیەکە بۆ خۆسەپاندن، ئەو ژنانەش سەرەتا بریتی بوونە لە ژنانی نووسەری میسری لەوانە (فەتحیە ئەلعەسال، لەیلا عەبدولباست، وەفا وەجدی، نیهاد جاد، فەوزیە مەهران، نادیە ئەلبەهناوی) بەدوای ئەوان کۆمەڵە ژنێکیتر لەو بوارەدا دەرکەوتوون لەوانە نوسەری بەحرێنی حەمدە خەمیس تێکستێکی نووسیوە بەناوی (بەسەر شۆستەی نەویستنەوە) لە عیراقیشدا دوو ژن دەرکەوتوون ئەوانیش (عەواتف نەعیم) ی ئەکتەرو (لەتیفە ئەلدولێمی) چیرۆکنووس ولەوولاتانی کەنداوی عەرەبی و هەندێک وولاتی تر چەند ناونێکیتر بەدی دەکرێن لەوانە (مەلحە عەبدوللا، مەی زیادە، لەتیفە ئەلزیات، نەوال ئەلسەعداوی) وچەند ژنێکیتریش وەک نووسەری شانۆیی دەبینین.
هەڵبەت ئەو ناوانە نەیانتوانیووە وەک هەوڵدان بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی کاربکەن، هێندەی ویستویانە وەک ژنانێک بۆ نووسینی شانۆیی بوونی خۆیان بسەپێنن، دواتر چەند هەوڵێکی دەگمەنیان لەو بوارە داوە، لەوانە عواتف نەعیم شانۆگەری (ماڵی بەرنادا ئەلبا) ی لۆرکا دەکات بە تێکستێکی تازەی ئامادەکراو

بەناوی (ماڵی خەمەکان)، بەدوای ئەوە لەتیفە ئەلدولێمی شانۆگەریەک دەنووسێت بەناوی (شەوانی سۆمەری) ئەم تێکستە شانۆییە وەک ڕەخنەگر عەواد عەلی ئاماژەی بۆ دەکات دیدێکی فێمێنیستیە بۆ داستانی گلگامشی سۆمەری (9)

هەوڵەکانی دواتر بەردەوام بوونە، بەڵام کەمتر ژنانی نێو نووسینی تێکستی شانۆیی خەمی شانۆیەکی فێمێنیستی هەڵدەگرن، هێندەی وەک پرۆسەی نووسین تێکست دەنووسن، ئەگەرچی هەندێک هەوڵ بەدی دەکرێت وەک بنەمای بەهێز بۆ شانۆی فێمێنیستی، بەڵام ئەو هەوڵانە پیاوان بەرهەمیان هێناوە نەک ژنان لەوانە شانۆگەری (کۆماری قەیرەکان) ی عەبدولستار ناسر، ئەگەرچی زۆرجاریش ئەو تێکستانە بۆ شانۆ دەرهێنراون کە ژن تیایدا تەوەری سەرەکی کێشەکانە، بەڵام گرفتی کولتوری نەیهێشتووە ئەو نمایشانە لەکۆت و پەندو چەپاندنەکانی سیستمی ئەخلاقی ڕزگاریان بێت، بەدەگمەن هەندێک ژنانی دەرهێنەریش لە شانۆی عەرەبی بەدی دەکرێت لەجۆری ژنە دەرهێنەری تونسی ڕەجا بن عەمار، کە دیدی فێمێنیستیانە بە تێکستە بیانییەکانی وەکو فاوستی گۆتە ببەخشێت.

**شانۆی ژن لە کۆمەڵگای پیاودا**

ئاخۆ لەدنیای کوردیدا لە کۆمەڵگایەک کە پیاو دنیای زەوتکردووە شانۆی ژن بوونی هەیە یاخود ژن لەپەراوێزی شانۆی پیاودا کاراکتەرێکی بچووکی ناو شانۆیە؟ عەقڵیەتی نێرسالاری دەرهێنەران کە وەک پیشە دراوە بە پیاوان دەتوانێ بەدژی ڕەگەزی کاربکات بۆ شانۆیەکی ژنانە؟

لێرەدا ئەوەی بۆ ئێمە جێگای سەرنجە ئاخۆ لەدنیایەکدا کە کۆمەڵگای کوردی پیاو زەوتیکردووە ئامادەبوونی ژن لە شانۆی ئێمەدا لە چ ئاستێکە؟ ئاخۆ ئێمە شانۆیەکمان هەیە پێی بووترێ شانۆی فێمێنیستی؟ ئەو نمایشانە چین کە بنەمایەکی بۆ شانۆی فێمێنیستی خوڵقاندووە؟ ئاخۆ عەقڵی پەتریارکی دەرهێنەرانی کورد توانای ئەوەی هەیە بەدژی ڕەگەزی خۆی کاربکات بۆ شانۆیەکی ژنانە؟

ئەو دەمەی عەقڵی نێرسالاری کۆمەڵگای کۆنتڕۆڵ کردبێت دۆخێکی سرووشتیە کە شانۆی ئەم کۆمەڵگایە بەرهەمی بیرکردنەوەو عەقڵی پیاوەتی بێت، پیاوبوون وەک ئەو خەسڵەتەی کە کۆمەڵگا وێنای کردووە، بۆیە بزووتنەوەی شانۆیی ئێمە بەهۆی ئەوەی هەر لەسەرەتای لەدایکبوونییەوە شانۆی پیاوە هۆیەکەشی ئەوەیە دنیای ئێمە دنیای نێرایەتی ئەو عەقڵە بووە کە کۆمەڵگای بەڕێوە بردووە هەمیشە ژن پەراوێزی ئەو عەقڵە بووە، بۆیە بزووتنەوەی شانۆییمان تا کۆتایی پەنجەکانی سەدەی بیستەم هیچ ژنێکی بەخۆیەوە نەدیووە تەنانەت ئەو دەمەی یەکەم ژن دێتە سەر شانۆ (10)

ئەوڕووداوەوەکساتەوەختێکیڕۆشنگەریشانۆییمان ئەبینرێت، کە بەدوای ئەو مێژووە شانۆکاری کورد ڕزگاری دەبێت وەک چۆن لەکۆمەڵگادا ژیان دابەش



کراوەتە سەر کاراکتەرەکان لەڕێگەی پیاوەوە ئاواش لەشانۆدا کاراکتەری ژنەکانیش هەر بە پیاوەکان ئەدرا، هەڵبەت لەدەرەوەی سیاقی ئەو خزمەتەی ئەو ئەکتەرانە لە بینینی ڕۆڵی ژن بەدیان کردووە، بەڵام لەدیدگایەکی کۆمەڵناسیەوە ئەو حالەتە لادانە لەدۆخی سرووشتی ڕەگەزی بەوەی ئەو پیاوانە ئارەزوویان لە گۆڕینی ڕەگەزی و بیرکردنەوە لەهەستی ژنبوونە لەناو پیاوبوون کە تەنانەت لەساتەوەختی نمایشیش خودی ئەکتەر ڕووبەرووی دوو مرۆڤ دەبێتەوە لەناو خۆی یەکێکیان خودی ڕاستەقینەی ئەوە (خودێکی نێرینە) مرۆڤی دووەمیش خودی نمایشکارە (خودێکی مێینە)

ئەو دوو بەریەککەوتنە ڕەگەزیە لەپێناو لابردنی ڕەگەزی نییە لە شانۆدا، بەڵکو قووڵکردنەوەی جیاوازی ڕەگەزیە، ژن تەنیا وەک خزمەتکارێک و هەستێک بۆ وورووژاندن وبەپێی عەقڵی نێرایەتی دەبێت ڕەفتار بکات، کە عەقڵی نێربوون هەمیشە بۆ ئەوەی شوناسێکی ئەخلاقی بدات بەو ژنە پێویستە نیشتیمانپەروەر بێت و ببێتە ڕەمزی خاک و نموونەی ڕەوشت بێت.

سەرەتای حەفتاکان بەهۆی هەندێک گۆڕانکاری سیاسی کۆمەڵگای کوردی تارادەیەک هەنگاوی هەڵهێنا لەلایەک بەیاننامەی یانزەی ئازار دەرفەتی زیاتری کردەوە لەلایەکیتر کاریگەری ئەدەب وهونەری عەرەبی خۆی دەسەپاندە سەر ڕۆشنبیریی کوردیی، بۆیە لەدایکبوونی گروپی کفری و ڕوانگە وەک دوو گروپی ئەدەبی پەیوەستە بەو قۆناغە تازەیەی ژیانەوە، شانۆکاری کوردیش هەنگاوی هەڵهێنا وژمارەی نمایشەکانی زۆر زیاد دەکات، ئەمڕۆ شانۆکارانی ئەو ڕۆژگارە بە قۆناغی زێڕین ناوی دەبەن.

ئەو قۆناغە زێڕینە قۆناغی سەپاندنی عەقڵیەتی نێرسالاریە لە بزووتنەوەی شانۆییمانداو نەیتوانیووە لەگەڵ گەشەسەندنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان گەشە بەخۆی بدات، ئەگەرچی چەند شانۆکارێک دەیانەوێ ڕەخنە لەنەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگا بگرن لەڕێی دامەزراندنی گروپی هاوڕێیانی گەزیزە، کە لەڕێگەی

ئەو کچە مناڵکارە (گەزیزە عومەر) ڕەخنە لە عەقڵی پیاوانی ناو کۆمەڵگا گیراوە، ئەو مناڵە وەک کچێک سەر شانۆو تەلەفزیۆنی ماڵەکانمان داگیر دەکات، بەڵام بەهۆی هەناسە کورتی ئەو کارانە نەتوانراوە کاریگەری لەسەر عەقڵیەتی شانۆییمان جێبێلێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار لەوانە دەست نیشانکراویی تێکستەکان لەشێوەیەکی سادەو زیاتر ڕەخنەگرتنێک بووە هەندێک جار وەک مەنەلۆژێکی کۆمیدی خۆی خستۆتە ڕوو، هەروەها نەبوونی دەرهێنەری بەتوانا لەم ڕۆژگارە ئەو هەوڵانەی وەک تەقەللا هێشتۆتەوە کە نەتوانرێت لەناو شانۆیەکی باڵا بخرێتە ڕوو، نەبوونی ئاگاییەکی ڕەخنەیی هۆکارێکیترە لەوەی ئەو تیپە نەبێتە تیپێکی جیاواز بۆ بنیاتنانی دیدێکی سەربەخۆ بۆ ژن، بەڵکو ئەویش دێت نمایشێک ئەنجام دەدات کە لەبنەڕەتدا سووکایەتیکردنە بە ژن ئەویش شانۆگەری (خانمی مەکرباز) ە، ئەگەرچی ئەوانە دەبنە زەمینەو سەرەتایەکی پتەو بۆ ئەزموونی ئەو کچە مناڵکارە کە لەتەمەنی گەنجی سەر لەنوێ دێتەوە سەر شانۆو ئەمجارە بەتەواوی خۆی بۆ شانۆیەکی ژنانە تەرخان دەکات.

تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم هیچ هەوڵێکی ئەوتۆمان نییە بۆ شانۆی ژن کە جێگای سەرنج بێت، بەڵام بەدوای ئەوەی کۆمەڵە گەنجێک ڕوو دەکەنە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغداو چ لەکاتی خوێندکاریان و چ لەدوای تەواو کردنی کۆلێژ ئەو گەنجانە بزووتنەوەیەکی شانۆی ئەزموونکاری لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەخوڵقێنن، کە دەتوانن کاریگەری لەسەر شانۆکارانی تریش دروست بکەن، گەزیزە عومەر لەڕێگەی هەردوو دوو شانۆگەری (سروودێکی خۆشەویستی) و (دارتووەکە) کێشەی ژن دەبێتە خەمی سەرەکی شانۆیی ئەم خانمە شانۆکارە.

لە شانۆگەری (دەروازە داخراوەکان) ئەو کێشەیە وەک کێشەیەکی مرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو، ئەوەش لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو دیوارێک کە لەوێنەیەکی مەجازی دەبێت بە هێلانەی جانجاڵۆکە ئەو هەست بەکۆیلە بوونی ژن دەکات بۆیە پێی وایە ژنبوون لێرە نەخۆشی نییە هەر ئەوەش ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەی دەکاتەوە: دکتۆر بۆ دێتە ئێرە؟
ئەو پرسیارە لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە، چونکە گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو بەندە بە کووشتنی پرسیار، کوشتنی ئازادیش ئەو تینوویەتیە بۆ ئاو کردووە بە وێنەیەکی مەجازی بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلەتی، بۆیە ماڵ ڕووبەرێک نییە بۆ ئارامی ژن، بەڵکو شێتخانەیەکە تیایدا پیاو کردوویەتی بە زیندان، بەندکردنی ژنان تیایدا بەهۆی ئەوەی دنیای کاراکتەرەکان دنیایەک نییە ئەوان خاوەنی بن، بەڵکو دنیای پیاوە، جیاکردنەوەی یاخی بووەکان (شێتەکان) لەکۆمەڵگادا بیرۆکەی لەدایکبوونی شوناسی دەقە بەهۆی ئەوەی ئەوە مۆدێرنە بوو شێت و عاقڵەکانی لەیەکتر جیا کردەوە، گوتار لەو ناسینە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە عاقڵەکان لەو دنیایەدا بریتین لە پیاوەکان ئەوە بەپێی تێگەیشتنی لۆژیکی نێرەکانەوە، دەبێ ژنەکان کە بە شێتەکان دەیانناسینەوە لە کۆمەڵگا دوور بخرێنەوە، بخرێنە زیندانی تایبەتەوە، ئەوان لەو زیندانە پێویستیان بەنواندنی هیچ گەمەیەک نییە، چونکە پیاوەکان گەمەی زیندانیان لەگەڵ دەکەن لەڕێگەی زەنگەوە، زەنگی دیدەنی دەگۆڕدرێت بۆ زەنگی کاتی خەوتن، خەواندنی جەستە بەتەنیا بێدەنگ کردنی ژنەکان نییە، هێندەی سەرکوتکردنەوەی تواناکانی بەرامبەرە لەڕێگەی دەزگا ئایدیۆلۆژیەکان (11)

هەڵبەت شێتی بەلای شکسپیر پلەیەکە لەسەرووی عەقڵەوە لەڕوانگەی فەلسەفی فێمێنیستێکی وەکو ژۆلیا کریستیفا هاملێت لەساتەوەختی شێتی حەقیقەت دەخاتە ڕوو، هەڵبەت هەر قەبووڵ نەکردنی شێتەکان بووە لە کۆمەڵگا "وای لە فۆکۆ دەکرد ئەو ووتەیەی باسکال بێنێتەوە یاد: شێتەکان بەڕادەیەک شێتن، کە ئەگەر بێت و مرۆڤ وابزانێت کە شێت نییە، ئەوا بە جۆرێکی دی شێتە" (12)

لەشانۆی گەزیزەدا کە شانۆیەکە دیدێکی فێمێنیستیانەی هەیە بۆ ژن، بەڵام فێمێنیستێک دواجار لەدیدی ڕەخنەییەوە دەتوانین بە شانۆی ژن ناوی بەرین، کە فێمێنیست بوونی لەڕێگەی گرفتەکانی ژنە، بەڵام ئەم شانۆیە نەیتوانیوە گۆڕان لە پێکهاتەی گوتاری نمایش بخوڵقێنێت، هەرچەندە هەوڵەکانی ئەو بەڕادەیەک زەمینەی بۆ ئەو شانۆیە خوڵقاندووە، بەڵام زەمینەیەک پێویستی بە گۆڕان لە دیمەنە شانۆییەکەو لە گوتاری نمایش هەیە. (13)

لەلایەکیتر تیپی شانۆی ئەزمونگەری کوردی بەهەوڵەکانی لە نمایشەکانی (ڕۆژی سێیەم لە چاوەڕوانی گۆدۆ، لەچاوەڕوانی سیامەند) توانیویەتی دوو هەوڵی شانۆی ژن بەرجەستە بکات، وەک دوو بنیاتی ژێرخان بۆ شانۆی فێمێنیستی لێیەوە بڕوانین، لە نمایشی (ڕۆژی سێیەم لە چاوەڕوانی گۆدۆ) دا دەرهێنەر شەماڵ عومەر جگە لەوەی چەمکی چاوەڕوانی درێژکردۆتەوە لەناو تێکستی بیکت ناوی بردووە بە ڕۆژی سێیەم بەواتای چاوەڕوانییەکە لەدوای تێکستی بیکتەوە، ئەوەش حاڵەتێکی هەرەمەکی نەبووە، بەڵکو بەرەنجامی گەڕان و پرۆژەیەکی ئەزموونکاری بووە کە "سەرەتا لە داڕشتەو پێکهاتە هونەرییەکەیدا شوێن وەک پانتاییە فراوانەکەی لای بیکیت نەماوەتەوە، بەڵکو تێکیشکاندووەو پرۆسەکەی لە شوێنێکی پانتایی تەسکی دوو مەتر چوارگۆشەدا بەرجەستە کردووە" (14)

لەلایەکیتر چاوەڕوانیکەران بریتین لە دوو ژن، خەمی مرۆڤبوون چیتر لە پیاو بەرجەستە نابێت، بەڵکو لەژندا بەرجەستە بووە ئەوەش گۆڕینە لەو عەقڵیەتی نێرسالاریەی ناو گوتاری شانۆییمان.

هەروەها شانۆگەری (لەچاوەڕوانی سیامەند) دەکرێت بە درێژەی ئەم هەوڵە دابنرێت، چونکە دیدی چاوەڕوانی ئەمجارە لەناو دوو ژنی کوردی نەک وەک خودی کاراکتەر، بەڵکو وەکو خودی ژنی کوردیی بەرجەستە دەبێت ئەو بەرجەستە بوونە لەم نمایشە بۆتە هۆی ئەوەی وەک هەوڵێک بۆ ژێرخانو سەرەتای

شانۆی فێمێنیستی کوردی لێی بڕوانین "ئەوان دوو جەستەن لەناو دەروونی یەک بووندا، لەهەندێ ساتدا کە یەکێکیان جیاواز لەوەیتر نواندن دەکات، خۆمان لەبەرامبەر دەروونێکی بەشکراو دەبینینەوە لەنێوان حالەتی چاوەڕوانی و حالەتی نائامادەبوون، ئا ئەوە سیامەندە دەگوازرێتەوە لە زمانی جەستەی کارکەر بۆ پێکهاتەیی ئاماژەکاری دەوڵەمەند بەدەلالەت، بەو پەڕی هێزەوە ئاگایی دەگەڕێنێتەوە، ئەو خاوەن توانای ئەویترە، ئامادەنەبوونی ئامادەبوونێکی کاریگەرە لەدوو جەستەکەدا" (15)

ئەزموونی نووسینی دەقی شانۆیی لەلای هەریەکە لە (حەمە کەریم هەورامی، تەڵعەت سامان، مەهدی ئومێد، ئەحمەد سالار) ژن تیایدا کاراکتەرێکی چالاکە، بەڵام ژنێک نییە خەونی گۆڕینی دنیاو هێزێکی ئامادە بێت وەک جەستەیەکی مرۆیی، بەڵکو هەمیشە جەستەیەکی بە پەراوێزکراوە یا قوربانییەکە دەبێت لەپێناو پاکی وڕاستگۆیی ژیانی خۆی ببەخشێت، وەک لەلای تەڵعەت سامان لە (شاری ئەوین) دا دەیبینین کە هەمان ڕوانین دەسەپێتەوە سەر شانۆگەریەکانی (وەلی دێوانەوشەم، محەمەد وسێوێ، لاس و خەزال، سورمێ خان ) یاخود لەلای حەمە کەریم هەورامی لە (خانزادێکیتر) ژن لەناو خەون ودیدی بۆ ژیان دید و عەقڵیەتێکی نێرینەیی دەیخنکێنێت.

لە ئەزموونی ئەحمەد سالار ئامادەبوونی ژن ئامادەبوونی چەمکی مەجازە بۆ ڕاستگۆیی ونیشتمانپەروەری، تەنانەت کاراکتەرەکانی وەکو سەلماو حەبیبەو ژنەکانیتریش یاخی بوون و دەسەڵاتیان بەندە بەو دیدە پاکیزەییەوە، بەبێ ئەوەی پرسیار لەوە بکرێت ئاخۆ پاکیزەیی بوونی هەیە؟ ئایا پیاو خۆی پاکیزەیە تاداوا لەژن بکات پاکیزە بێت؟

ئەو دەمەی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانە دەبینەوە دەگەینە ئەو تێگەیشتنەی بزووتنەوەی شانۆیی ئێمە چونکە بزووتنەوەیەک بووە وابەستەی عەقڵیەتی کۆمەڵایەتیمان بووە، بۆیە نەیتوانیووە لەدەرەوەی ئەو وێنەیەی کۆمەڵگا بۆ ژن خوێندنەوەیەکی ئەلتەرناتیف وجیاوازی هەبێت، بەواتای شانۆکەمان زادەی بەرهەمهێنانەوەی هەمان وێنەی ناو کۆمەڵگا بووە نەوەکو تێکشکاندنی دیدی باوی کۆمەڵایەتی وبنیاتنانەوەی لە ئاگایی کۆمەڵگا، ئەوەش وایکردووە ژن هەموو تواناکانی بتوێنێتەوە لەناو گوتاری پیاوبوون و ببێتە پەراوێزی ئەو گوتارە، بۆیە ئەوە بۆتە دۆخێکی سرووشتی بۆ دەرهێنەرانی شانۆ کە بیر لەوە نەکەنەوە لە نمایشی شانۆییدا بەدژی ڕەگەزی عەقڵیەتی نێرینەیی کار بکەن.

هەر بۆیە ئەو دەمەی دەچینەوە سەر تێکستە نووسراوەکانی وەکو دەق و ڕەخنە دەبینین هەموو ئەو هەوڵانەی توانیویانە زەمینە بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی بنیات بنێن پیاوەکان نەبوونە، بەڵکو ئەوە ژنەکان بوونە خانمانی شانۆکار خۆیان ئیشیان لەسەر ئەو شانۆیە کردووە، بۆئەوەی ژێرخانێک بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی بێننە بوون.



## مۆنۆدراما مەنەلۆژێک بۆ شوناسی ژنبوون

شانۆی مۆنۆدرامی شانۆیەکە تاکە ئەکتەرێک هەڵدەستێ بە نواندن مێژووی ئەم شانۆیە وەکو سەرهەڵدان دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی لەدایکبوونی شانۆ ئەو دەمەی تیسپیس بە گالیسکەیەکەوە نواندنەکانی پێشکەش دەکرد، بەڵام وەکو مانا فەرهەنگیەکەی ئەم شانۆیە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی ئەکتەری ئەڵمانی جۆهان براندیز.

ئاشنابوونی بزووتنەوەی شانۆی ئێمە بەم شانۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم ئەو دەمەی شانۆگەری (زیانی توتن) ودواتریش (گۆرانی چایکا) ی چیخۆف نمایشکراوە، بەهۆی ئەوەی ئەم شانۆیە مەنەلۆژێکی درێژە تیایدا ئەکتەر دەکەوێتە ناو یادەوەری و گێڕانەوەکان و نواندنی دیمەنەکان بۆیە ئەگەر لە ڕوانگەی ڕەخنەی فێمێنیستانەوە سەیری بکەین دەبێت بڵێین شانۆیەکە دەبێتە بەسێنترالکردنی گوتاری نێربوون.

ئەو گوتاری نێربوونە لەڕێگەی ئەکتەرانی پیاو نوێنەرایەتی کراوە، ئێمە ئەکتەرێکی ژن نابینین تا ناوەڕاستی هەشتاکان ئەو سێنتەرە لە پیاو وەربگرێتەوە، تا ئەو دەمەی گەزیزە عومەر شانۆگەری (سروودێکی خۆشەویستی) نمایش دەکات، ئەم نمایشە یەکەم هەوڵی ژنی کوردە لە مۆنۆدرامادا، کە دەبێتە چوونە ژوورەوە لە دنیایەک کە شوناسی ژنبوون بخاتە ژێر پرسیارەوە، هەڵبەت ئەو سەرەتایە نابێتە بیرکردنەوە لە شانۆیەکی فێمێنیستی هێندەی ئامادەبوونی ژنی شانۆکارە لە مۆنۆدرامادا بۆ ئەوەی بتوانێ ژنبوون بێنێتە دەنگ.

بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناو ئەو تێکستەی جان کۆکتۆ کە گەزیزە بۆ نمایشەکەی ئامادەکردووە دەبینین مەسەلەکە پەیوەست نییە بە گوتاری فێمێنیستیەوە هێندەی پەیوەستە بە گوتارێکی مرۆییەوە کە کێشەی ژنیش وەک بەشێک لەو گوتارە سەیر دەکاتەوە، بۆیە ژن لە شوێندا کە ژوورە واتە دنیای گۆشەگیریی وهەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن بە دنیا لەڕێگەی زەنگی تەلەفۆنەوە، چونکە ئەو زەنگە لەپێناو ڕزگاربوونە

له شوێن، بۆیە ئەو سەرەتایە دەبێتە بەدواندنی پەراوێزبوونی ژن لەدنیای ئێمەدا، پەراوێزێک هەمیشە پێویستی بە موعجیزەیەکە ڕوو بدات.

سەرەتای ئەو نمایشە دەبێتە پرۆژەیەک تاوەکو گەشەی پێ بدرێت و لەوە دەربکرێت کە تەنیا وەک کێشەیەکی مرۆیی سەیر بکرێت، بەواتای چۆن ژنبوون دەبێتە دەنگێک لەشانۆدا کە دەنگی ئەو ژنە دەنگی تاکێکی ناو کۆمەڵگایە کە بەردەوام ڕووبەرووی تراژیدیای خودگەرێتی خۆی دەبێتەوە ئەوەش لەشانۆگەری (دارتووەکە) دەبێتە تەوەری سەرەکی ئەو تێگەیشتنە نەک تەنیا وەک کێشەی ژن، کە ئەوە بۆ خۆی ئێشکالیەتە، بەڵکو وەک شانۆش، چونکە زۆرجار بەهۆی کێشەی ژنبوونەوە گوتارە شانۆییەکە دەخنکێنرێت، بەڵام گەزیزە لەم نمایشەدا بەتەنیا ژن نابێتە گرفتی هێندەی بونیادە پێکهاتووەکانی نمایشی شانۆیی بە کێشەی سەرەکی خۆی ئەزانێت " توانیبووی لەتیۆرەکانی (ئەدۆلف ئەپیا) ی سویسری نزیک ببێتەوە، بەتایبەتیش لەڕووی بەکارهێنانی ناتەبا وگوزارشت ئامێزی ڕووناکیەوە. ئەمەش بەئاشکرا سیمایەکی بەرزو قەشەنگی بە نمایشەکە بەخشیبوو" (16)

لێرەدا کە دەگەڕێینەوە سەر تێکستی شانۆگەریەکەو ووتارە رەخنەییەکانی لەبارەی ئەم نمایشە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەلای گەزیزە چەمکی گوتار لە (دارتووەکە) دا دوو وێنە لەنێوان ژیان ومردن لەشوێن بنیات دەنێت، هیوا کوڕەکەی دایک مردنی یەکسان بۆتەوە بە ژیانی دارتووەکە، ئەوەش درک کردنە بە چەمکی قوربانی لە ماڵ، کە ماڵ لەدەرەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەیەوە ڕەهەندێکی مرۆیی هەیە، ئەو ڕەهەندەیە وا دەکات جەستە "لە پرۆسەیەکی دۆنادۆنییە لەنێوان ژیان وخاک، ژن (جەستەی دایک) دەبێتەوە بە جەستەی خاک، ئەوە مێژووی کۆست کەوتن وگۆشەگیربوونی جەستەیە، کە نێرەکان دەکوژرێن ومێیەکان تەنیا دەمێننەوە، ئەوەش لەڕوویەکدا رووخساری ڕاستەقینەی شانۆیە" (17) ئەو ڕووبەرە بۆ جەستە پانتایی حەرامی سێکس نییە، هێندەی فرێدانی دەمامکەکانی سەر جەستەیە. جەستەیەک ناتوانێت دەستبەرداری ئەو حالەتە دۆنادۆنییەی خۆی ببێت.

لەدەرەوەی بابەتی تێکستەوە گەزیزە بەهۆی ئەو توانایەی لەنواندن هەیەتی دەتوانێ حالەتێک لەسەرسامی بنیات بنێت کە بەرەنجامی گوتاری نێرەرە وەک ئاماژەیەکی ناو نواندن کە ئەو سەرسامی نییە بە جەستە بۆ خاڵی بوونەوە هێندەی خولقاندنی کاریگەریە لەلای وەرگر " نایشارمەوە کە ئەکتەرەکە مایەی سەرسورمانی منە چ لە رووی سایکولۆژییەوە یان جەستەییەوە ئەو یەکێکە لەو ئەکتەرە دەگمەنانەی کە دەزانێت گەر شانۆ لە زمانی جەستە داماڵرێت دوچاری گرفت دەبێتەوە" (18)

ئەگەر گەزیزە دەرگایەکی بەم دوو ئەزموونە کردەوە ئەوا تاساتەوەختی هەنووکەشمان ئێمە نەمانتوانیووە لەڕێگەی ئەم شانۆیەوە ئەزموونێکی تایبەتمەندمان هەبێت لە شانۆی فێمێنیستی، هەڵبەت مەبەستمان لە تایبەتمەندی بوونی شانۆیەکی سەربەخۆ نییە، بەقەد ئەوەی بوونی ئاراستەیەکی ئەزموونکاریانەیە لەناو ئەزموونی شانۆکاری کورد بۆ شانۆی فێمێنیستی، هەوڵەکان تەواو دەگمەن و سست بەڕێوە دەچن، کە چەند ژنێکی شانۆکار ویستویانە کار بۆ ئەو شانۆیە بکەن، ئەوانیش میدیا رەئوف لە (خوێنی رۆژهەڵاتی) و تەلار هیرانی لە (ژنەکەی ئەو ماڵە) و فرمێسک مستەفا لە (تارمایی ژنێک)، هەریەک لەم هەوڵانە ویستویەتی لەڕێگەی مۆنۆدراماوە پرسیارەکانی ژنبوون بباتە ناو پرسیارەکانی شانۆ، بۆ ئەوەش کەرەستەکانی دەربڕین بریتی بووە لە جەستەی من لەناو ماڵدا، کە ئەوە یەک وێنەی ڕەهای بە نمایشەکان بەخشیووەو لەناو ئەو وێنەیەوە گرفتەکان خراوەتە ڕوو، بۆیە نمایشەکان بریتین لە گرفتی ژن لە شوێن کە ماڵە.

لەم ڕوانگەیەوە کە کێشەکانی ژنی کوردی وابەستەی ساتەوەختی گەشەسەندنی ئەو ڕەگەزەیە کە ماڵ لەڕێگەی کولتوری نێرینەییەوە پەروەردەی دەکات ودەیهێنێتە ناو دامەزراوە کۆمەڵایەتی و پەوەردەییەکانەوە.

میدیا رەئوف لە (خوێنی رۆژهەڵاتی) شکستی شوناسی ژنبوون دەخاتە ژێر گومان ویاخی بوون وپرسیاری ئەخلاقی لە ماڵ دەکاتە تەوەری نمایشەکەی، بەوەی ئەو هۆکارانە چین کە یاخی بوون لە ماڵ دەخولقێنن، هەڵبەت ئەم نمایشە بە بوێریەکی زۆرەوە ڕووبەرووی دەسەڵاتی نێرسالاری دەبێتەوە، چ بەهۆی ئەو تێگەیشتنە فیکریەی نووسەری تێکستەکە (تەلال نەسرەدین) و چ بەهۆی ئەو دیدو ئاگاییە شانۆییەی دەرهێنەری یەکەمی ئەو نمایشە (هادی ئەلمەهدی) هەڵبەت ئەو دەرهێنەرە بەهۆی نووسین وتوێژینەوەکانییەوە درک بە گرنگی ئەو گوتارە فێمێنیستیە دەکات لە شانۆدا، ئاشنابوونیشی بە بزووتنەوە شانۆییەکەمان هۆکارێکتری ئەو ئاگاییە شانۆییە، بۆیە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم ئەزموونێکی دەقئاوێزانی بەرهەمهێناوە بە ناوی (دەریا) کە لەنواندن و دەرهێنانی میدیا رەئوف بووە، ئەزموونێک بە یەکەم هەوڵی دەقئاوێزان لە بزووتنەوەی شانۆی کوردی دادەنرێت.

لێرەدا ئێمە لەبەردەمی شانۆکارێکی وەکو میدیا رەئوف و هادی ئەلمەهدی ڕووبەرووی دوو ئەزموونی فێمێنیستی دەبینەوە، ئەگەرچی ئەو نمایشەی ئێمە بینیمان (خوێنی رۆژهەڵاتی) لە دەرهێنانی هادی ئەلمەهدی نەبوو، بەڵکو ئەمجارەیان لە دەرهێنانی حەیدەر ئەبو حەیدەر بوو، بەڵام هەر هەمان تێکست و بوونی میدیا رەئوف بووە لە نمایشەکەدا، بۆیە دەبێت لێرەدا ئەوە بەهەند وەربگیرێت کە ئەوە هادی بووە لەپشت تواناکانی میدیا یا بە مانایەکی تر ئەوە پرۆژەیەکی هاوبەشی تری ئەو دوو داهێنەرە شانۆییەمان بووە کە (خوێنی رۆژهەڵاتی) بەرهەم هێناوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تێکستی (دەریا) دەبینین دەنگێکە

لەدژی دەسەڵاتی (شانۆکاری نێرینە) ئەوە بۆخۆی هەوڵێکە بەدژی بە سێنترالّکردنی دەسەڵاتی نێرینەیی لە شانۆدا، کە ژنی شانۆکار تواناکانی بەلارێدا دەبردرێت لەپێناو غەریزەی نێرایەتی، شاربوون وەک خەسڵەتێکی تازەگەری ئەخلاقی مرۆیی ئەدۆرێنێت، ئەوەش لە جەوهەردا ڕەخنەیە لە عەقڵیەتی مۆدێرنیتی کە بەرەنجامی هاتنە بوونی فیکری فێمێنیستیە.
ئەو ڕەخنەگرتنە لە (خوێنی ڕۆژهەڵاتی) بە تێڕوانینێکی قووڵتر دەردەکەوێتەوە، کورسی لە ماڵدا کە ڕەمزە بۆ دەسەڵاتی پیاو ئەو دەسەڵاتە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی پرسیارە ئەخلاقیەکانی ماڵ، ستراتیژی پرسیار هەڵوەشاندنەوەی مانا مەجازیەکانی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری گوتاری پیاوبوونە، ئەوەش میدیا ڕەئوف لەستراتیژی پرسیارەوە دەیگۆڕێت بەرەو ستراتیژی فێمێنیزم لە شانۆدا کە دەشێت بۆ ئەو شانۆکارە ببێت بە پرۆژەیەکی ستراتیژی وەک چۆن لەهەولێکیتریدا بە زمانی دانیمارکی لە نمایشی (ئەو ئاوایە) پرسیاری ژنی پەناهەندەیی لە ژیان دەبێتە پەیوەندیی نێوان ماتریالەکان و مرۆڤەکان، ترس لە هاوڵاتیانی نیشتیمان بۆ مرۆڤی تاراوگە هێندە ترسێکی سایکۆلۆژیە کە تاراوگە نشین دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی پێلاوەکانی لە مرۆڤەکان بە ئەمەکترن، ئەو حاڵەتە وجودیە ژن لە نمایشی (ئەو ئاوایە) ڕووبەرووی دەبێتەوە، دەنگی فێمێنیستێکی تووڕەیە، کە پێلاوەکانی نەمر دەکات لەڕێگەی هەڵواسینی لەناو چوارچێوەی تابلۆیەک.
کەچی فرمێسک مستەفا لە شانۆگەری (تارمایی ژنێک) گرفتی ژنبوون لە پرسیارێکی کۆمەڵایەتیەوە ناگوازێتەوە بۆ زمانێکی شانۆیی لەڕێگەی بەدواندنی ماتریالەکانی شانۆ، هەڵبەت لەڕووی بابەتەوە نمایشەکە ڕووبەرووی بابەتێکی هەستیارو گرنگ بۆتەوە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم شانۆیە ئەوەیە کە ئەکتەرەکە هەر خۆشی دەرهێنەرە، ئەوەش وای کردووە هەمیشە چاودێر بێت بەسەر جولەو ڕیتمی کارەکەی، کە سەرەنجام ئەو حاڵەتە زیانی لە نواندن ودەرهێناندا وە، چونکە ناچار بووە تەوزیفی ووشە بکات لە پانتایی، ئەوەش لەسەر توانای نواندن وەستاوەتەوە، کە ئەکتەر ناتوانێ ڕووەو دنیای کاراکتەر هەنگاو بنێت، هێندەی بیرکردنەوە لە دیدی فیکری نمایش دەبێتە گرنگی گوتارە شانۆییەکە، کە ئەویش کێشەی ژنە، لێرەدا ئەو جیاکاریەی لەسەرەتای ئەو توێژینەوەیەدا ئاماژەمان بۆ کرد لەم نمایشە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان شانۆی ژن و شانۆی فێمێنیستی، (تارمایی ژنێک) لەبارەی ژنەوە دەدوێت نووسەرەکەی پیاوە ئەکتەرو دەرهێنەرەکەی یەکێک لە دەنگە جدیەکانی هەشتاکانی شانۆی کوردیە خاتوو فرمێسک مستەفا، بەڵام شانۆیەکی فێمێنیستی نییە، شانۆی ژنە، بەهۆی بابەت و ئەکتەرو دەرهێنەرەوە، بەڵام شانۆیەکی فێمێنیستی نییە لەڕووی فیکرو دەرهێنانەوە.
هەڵبەت لێرەدا دەتوانین فرمێسک وەک شانۆکارێک ناوبەرین کە پرۆژەی شانۆی ژنی کردووە بە خولیا، چونکە لە نمایشێک دەرچووە بەهۆی ئەوەی وەک



خۆی دەڵێت "دەبێتە سێیەم کاری لەم جۆرەم، یەکەمیان نیشتمانێکی نەفرەت لێکراو، کە مۆنۆلۆگیک بوو بۆ دوعا سازم کرد. ئەوی دیکەیان چیرۆکی کچێکی وەنەوشەیی، لە نووسینی مەهاباد قەراغی بوو، وەک کارێکی پێرفۆمانس بۆ سەر شانۆئامادەم کرد و زنجیرە نمایشێکی لێ کەوتەوە. لەهەفتەی نا بۆ توندو تیژی دژی ژناندا، لە شارۆچکەکانی کوردستاندا نمایشم کردن. ئەم چالاکییە لە لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان سازدرابوو. لەهەر سێ دەقەکەدا، کاراکتەرەکان، دوای مردنیان دەگەڕێنەوە و دەمانخەنە ژێر بەرپرسیاریەتیەکی گەورەوە، بەرامبەر ئەو تاوانەی لەمەڕیان کراوە. کۆمەڵگە ڕسوا دەکەن، بۆ من ئەم خاڵە زۆر گرنگە وفاکتیکە، بەداخەوە نابینرێت و پەنجەی ناخرێتە سەر لەدوای مردن چی ڕوودەدات؟ گەرچی مردن کۆتایی هێنان بێت بە خەون و هیواکانمان، داخستنی مەلەفی ژیانمانە، لەهەمان کاتدا داخستنی مەلەفی هەموو ڕووداوەکانە، کەبەرامبەرمان دەکرێت و گوێ پێنەدان وپشتگوێ خستنێکی دیکەیە. دەنا ڕۆژانە ئەم هەموو کوشتار و کارەساتانە ڕوو نادەن و دووبارەش نابنەوە، بۆ چەند هەفتەیەک دەبێتە بابەتی نێو میدیاکان و دادگایەکی ئیفلیج و یاسایەکی نا کامڵ، بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، بەدوای کیشەکەوەن و دوای بە چارەسەرێکی عەشایری چارەسەر دەکرێت. تەواو بۆ هەتا هەتایە نەباسی لێ دەکرێتەوە، نە چارەسەریش دەکرێت. بۆیە ئەمان خۆیان دێنەوە ژیان وباس لەخۆیان دەکەنەوە. کۆمەڵگە دەخەنە ژێر بەر پرسیاریەتی. بۆ منیش وەک ژنە شانۆکارێک، ئەوە بچوکترین لێپرسراوەتیە بەرامبەر هاوڕەگەزی خۆم، لە ڕێگای کارەکەمەوە، کە شانۆیە بیکەمە پەیام و کاری لەسەر بکەم" (19).
هەڵبەت جگە لە فرمێسک ژنانی تر لەشانۆی ژن دەرکەوتوون لەوانە کۆمەڵە نمایشێکی خانمانی شانۆکار لە فێستفالی گوڵە مێخەک (20) بەڵام چونکە ئێمە کاری بیبلۆگرافی ئەنجام نادەین و پرۆژەکە زیاتر لەسەر خوێندنەوەی ڕەخنەیە بۆ شانۆی فێمێنیستی بە گەڕانەوە بۆ خوێندنەوەی دیارترین هەوڵەکان، بۆیە

هەندێک لەو هەوڵانە نابنە بابەتی قسەکردنی ئێمە، کە دەکرێت خوێندنەوەی قووڵ وجیاوازیان بۆ بکرێت.
هەڵبەت هەوڵێکیتر کە دوا هەوڵی قسەکردنی ئێمەیە، بەڵام هەنگاوێکی بوێرانەیە بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی ئەویش شانۆگەری (ژنەکەی ئەو ماڵە) یە لە نووسینی داریۆفۆ و دەرهێنانی کارین باریستراند و نواندنی تەلار هیرانی بوو.
تـەلار هیرانی لـەم نمایشەدا لـەفـەزای داریـۆفـۆوە دەپەڕێتەوە بۆ شانۆیەکی ڕاگوزەر بەهۆی مەشقێکی زۆرەوە دەتوانێ بۆ کاتی پێویست سوودی لێ ببینێت، ئـەوەش بۆ خولقاندنی پەیوەندیە لەگەڵ بینەر، بۆ قسەکردن لە پرسیارە حەرامەکان، وەک گرفتەکانی سەراب ئەو خانمەی لەبەردەم هاوسەرەکەی هەیەتی لە کێشەی ئۆرگازم و نهێنی حەرامەکانی ناو ماڵ.
تەلار لەو ڕێگایەوە گرفتی ژنی کوردی لە ڕووپۆشکردن و شـاردنـەوە بە بوێریەکی زۆرەوە ڕووبـەرووی بینەرانی دەکاتـەوە، بۆ ئـەوەی سەر لەنوێ بتوانێ ڕووبەرێکی کراوە بۆ پرسیاری تاپۆ کراو دروست بکات، ئەوە جگە لـەوەی ئەو حالەتێک لەنامۆبوون دروسـت دەکـات لەنێوان کاراکتەرە سـەرەکیەکەو کاراکتەری لیبووک کە ژنێکیترە.
ئەو ڕەهەندە کۆمیدیەی تەلار بە مەرگەساتی ژنی داوە بەرەنجامی ئامادەکردنەوەیەتی بۆ تێکستەکەی داریۆفۆ چ لەرێگەی هەڵگرتنی کاراکتەرەکانیترەوە یاخود لە هەندێک دەیالۆگ کە لە تێکستەکەی نووسەردا بوونی نییە، بەرەنجامی حالەتێکی مەشق و هەندێکجاریش لەدۆخی ڕاگوزەری ئەکتەر بەرجەستە دەبێت.
(ژنەکەی ئەو ماڵە) هەوڵێکی بوێرانەیە بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی دوور لـەو فۆرمـەی ئێمە بیرمان لێی کردۆتەوە، بەڵکو تەواوی تراژیدیای ماڵ ودۆزەخی ژن لەرێگەی کۆمیدیاوە ڕووبـەرووی ئێمەی بینەر دەکـاتـەوە، ڕووبـەروو بـوونـەوەیـەک ساتەوەختی خولقاندنی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ حالەتێکی دیالەکتیکی نێوان ئەکتەرو بینەر بۆ ئەوەش فەزایەکی برێختی لەو پەیوەندیەدا دەبینینەوە کە برێخت لە ماتریالیزمی دیالەکتیکی مارکس وەریگرتووە، تەلار ئەو حالەتە برێختیە لە ئامادەکردنەوەی تێکستەکەدا لەسەر پرسیاری ڕاستەوخۆ لە بینەرەکانی دروست دەکات کە لەگەڵ کۆتایی نمایشەکە ئێمە ڕووبەرووی کۆمەڵە پرسیارێکی خۆمان دەکاتەوە. پرسیارکردن لەنهێنییەکانی ناخمان پرسیار لە ڕۆحی چەپێنراومان لە جەستەی حەرامان ئەوە دەنگێکی بە ئاگایانە بوو بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**


(1)الحضور المرئي- عواد علی، دار المدى للثقافة والنشر, الطبعة الاولى 2008, ص 229

(2) رەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی. نیهاد جامی، سەنتەری روناکبیری هەتاو، ژمارە (14) کوردستان 2006، لا 100

(3) نحو نظرية لمسرح المرأة.. سوزان أ. باسنت ماجواير, ترجمة سناء صليحة, التفسير والتفكيك والايديولوجية, الهيئة المصرية العامة للكتاب 2000, ص137

(4) هەمان سەرچاوە، لا 137

(5) الحضور المرئي- عواد علی، دار المدى للثقافة والنشر, الطبعة الاولى 2008, ص 149

(6) المسرح النسوي السويدي. عصمان فارس، الحوار المتمدن، العدد (2865) 22-12-2009

(7) هەمان سەرچاوە

(8) المسرح النسوي حركة احتجاج وتجريب، أنيتا سينغ، ترجمة: سناء عرموش، ملحق ثقافي جريدة الثورة (دمشق) 14-2-2012

(9) الحضور المرئي.. عواد علي، دار المدى الطبعة الاولى 2008، ص 158

(10) بەپێی ئارگۆمێنتە مێژووییەکان نەرمین ناکام یەکەم ئافرەتی کوردە لەساڵی 1958 لەسەر شانۆ دەرکەوتبێت

(11) گوتاری رەخنەی شانۆی کوردیی. نیهاد جامی، یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی کەرکوک. چاپی یەکەم 2010، لا 66

(12) رەخنـەگرتن لە مۆدێرنیتی. نیهاد جامی، سەنتەری روناکبیریی هەتاو، کوردستان 2006، لا 24

(13) سـەبـارەت بە تێکستە شانۆییەکانی گەزیزە بەتایبەت لە بارەی (تورەبوونی تابلۆیەک وژنانی شارەکەم و هەناسەکانی ڕێگاو جەنگی ژوورەکان) توێژینەوەیەکی تایبەتمان هەیە بەناوی: گوتارو جەستە وەک دوو چەمک لە شانۆی گەزیزە. گۆڤاری شانۆکار ژمارە (5) ی 2009 لا 63

(14) گووتاری ئەزموونگەری لە رەوتی شانۆی کوردیدا. دانا رەووف، چاپی یەکەم سوید، 1995، لا 88

(15) الارجوانة الحمراء.. ياسين النصير, كتب سردم العربي.. السليمانية 2008، ص 84

(16) دارتووەکەی گەزیزەو سەرەتاکانی شانۆیەکی ئەزموونگەری. دانا رەئوف. شانۆکار، ژمارە (5) ی 2009، لا 63

(17) گوتارو جەستە دوو چەمک لە شانۆی گەزیزە. نیهاد جامی، شانۆکار ژمارە (5) ی 2009، لا 64

(18) دارتووەکە. یاسین النصیر، وەرگێڕانی (کاردۆ) شانۆکار ژمارە (5) ی 2009، لا 54

(19) فرمێسک مستەفا: دەرهێنان کاری من نییە خۆشم بە دەرهێنەر نازانم هێندەی بە ئەکتەر، شانۆکار ژمارە (8) لا 118

(20) سوور بوونی گەزیزە عومەر لەسەر شانۆیەک کە زادەی خەون و بیرکردنەوەی ژنی کورد بێت کە خۆی رابەرەو ئاڵا هەڵگری ئەو شانۆییە، بۆیە لە 3-2011/4/7 هەوڵی بە ئەنجامگەیاندنی فێستڤاڵێکی تایبەت بە شانۆی ژنی داو ئەوە بوو بە هاوکاری و هەماهەنگی رۆشنبیریی سلێمانی فێستڤاڵی گوڵە مێخەک تایبەت بە مۆنۆدراما بۆ ژنان سازکرد، کە خانمانی شانۆکار کۆمەڵە هەوڵێکی مۆنۆدرامای ژنیان تیا بەرجەستە کرد.

# ئەکتەری کورد لە ژێر سێبەری ستانسلافسکیدا



سدیق عزیز - نەرویج

**ستانسلافسکی لە کورتەیەکدا**

لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا، ئەکادیمیایەک، پەیمانگایەک، یان قوتابخانەیەکی شانۆی هەبووبێت، ئەوا تێیدا میتۆدەکەی ستانسلافسکی بۆتە یەکەم بنەمای خوێندنی هونەری نواندن. بەمانای خوێندنێکی زانستی لە بواری خۆپێگەیاندنا بۆ بوون بە ئەکتەرێکی پرۆفیشۆناڵی بە ئاگا لە دنیای نواندن. بە واتایەکی تر هەر کاتێک باس لە نواندن و تەکنیکی ئەکتەر بکرێت، مە حالە بتوانین خۆمان لە سیستەم و میتۆدەکانی ستانسلافسکی بەدوور بگرین. لەگەڵ ئەوەی میتۆدەکەی ستانسلافسکی کەوتۆدە بەر ڕەخنەی توندی هەندێک لە دەرهێنەران، بەڵام ستانسلافسکی دائەنرێت بە یەکەم دەرهێنەرو یەکەم مامۆستای شانۆ لە مێژوودا کە هەوڵی داوە لە ڕێگای ئەزموونەکانیەوە سیستەمێکی پێداگۆگی بۆ هونەری نواندن دابمەزرێنێت و ببێتە پرگرامێکی جیهانگیری بۆ خوێندن لە ئەکادیمیاو پەیمانگا شانۆییەکاندا. میتۆدەکانی ستانسلافسکی دەبێتە سەرەتایەک بۆ هەرکەسێک کە تێکەڵ بە دنیای شانۆ دەبێت. تێگەیشتن لە ستانسلافسکی بەمانای تێگەیشتنە لە سیستەمێک بۆ بوون بەکەتەرێکی پرۆفیشیۆناڵ.

کە ئەم سیستەمە سەر چاوەی لە بنەماکانی سروشت و ژیانی ڕۆژانەوە وەرگرتووە، لێرەدا سروشتی بوون دەبێتە ئوبێکتێک بۆ کارکردنی ستانسلافسکی لەسەر میتۆدەکەی بۆ نزیک بوونەوەي ئەکتەر لە نواندنیکی سروشتی ڕیالیستی. میتۆدی ستانسلافسکی ئیشکردنە لەسەر دوو لایەنی ئەکتەر، یەکەم لایەنی سایکۆلۆژی و دەروونی، دووهەم لایەنی جەستەیی ئەکتەرو هاوتەریب بوونی لەگەڵ لایەنی هەستی و دەروونی دا لە کاتی چۆنیەتی بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکدا، لایەنی یەکەم واتە لایەنی ناوەکی بەمانای چۆنیەتی شیکارکردن و هەڵکۆڵین و لێکۆلینەروە لەسەر بارە دەروونی و حاڵەتە ناوەکییەکانی کەسایەتییەک لەڕێگای هەست و نەستەوە ( شعور و لا شعور)، لایەنی دووهەم لایەنی دەرەکییە بەمانای چۆنیەتی بەکارهێنانی جەستەو ئاماژەکانیەتی، کە هەریەکە لەم دوو تەوەرەیە تەواوکەری یەکترین و هیچیان بەبێ ئەوی تریان نابێت، نەک هەر ئەوەش بەڵکو سەرجەم سیستەم و میتۆدەکانی ستانسلافسکی سیستەمێکی یەکانگیرە، لە شێوەی زینجیرێکدا کە ئەلقەکانی یەک چۆتە ناو ئەوی ترەوە. یەکێک لە پاڵپشتە سەرەکییەکانی ڕێبازی ستانسلافسکی پشت بەستەنە بە شیکارە دەروونییەکانی فرۆید لە سەر لایەنی سایکۆلۆژی چۆنیەتی داهێنان (ایبداع) لەلای هونەرمەند ، بە تایبەتی دابەشکردنی بەشەکانی مێشک بۆ هەست و نەست و ئەو دیوی هەستەوە، کە ئەمەش هاوکارییەکی باشی میتۆدەکەی ستانسلافسکی دەکات لەسەر کارکردنی ئەکتەر لە سەر خەیاڵ و تەخەیول، یان چۆنیەتی گەیشتن بە دنیای داهێنان لە ڕێگای گەڕانەوەمان بۆ ئەو نهێنییە شاردراوانەی کە لە لاشعوردا خۆیان ماتکردووەو وەزیندووکردنەوەیان جارێکی تر. جگە لەوەش ستانسلافسکی بە هەمان شێوەی فرۆید تیۆرەکانی لە گەشەو گۆرانی بەردەومدا بوون و هەمیشە لە لێکۆڵینەوەدا بووە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست، کە زۆر جاران لە کاتی پراکتیک و ڕاهێناندا تیۆریەکانی گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە لە هەندێک بۆچوون پاشگەزبۆتەوە. ئامانجی میتۆدەکەی ستانسلافسکی چۆنیەتی کارکردنە لە گەڵ سێ کرداردا (فعل) پێکەوە، ئەوانیش بریتین لە کردەی خەیاڵ، دەربڕینی وشە و کردەی جەستەیی، بە شێوەیەک کە ئەم سێ کردارە نابێت لە حاڵەتی تەبا بووندابن پێکەوە، بەڵکو دەبێت لە حاڵەتی ناتەباو دژایەتیدابن لەگەڵ یەکتردا، ئەگەر هاتوو ئەم سێ کردەیە پێکەوە چوونە باری تەبابوونەوە، ئەوا بارێکی ناسروشتیەو ئاماژەکانی ئەکتەر میکانیکی و قێزەوەن دەردەکەوێت. هەر لەپیناو گەشەدان بەلایەنی ناوەوەی ئەکتەر و ئیشکردن لەسەر هەستەکانی ئەکتەر، ستانسلافسکی گرنگی داوە بە ڕاهێنانی ڕاگووزەر واتە ( ئیرتجال ) کە ئامانج لەم ڕاهێنانە هەوڵدانە بۆ کردنەوەی دەرگا لەسەر هەستی



ناوەوە، (لاشعور) لەهەمانکاتدا ڕێگەدان بە ئازادکردنی جەستە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی خێراو ساتەوەختی لەگەڵ ئەو ماتریالانەي لە نزیکەوە هەن. ڕاهێنانی ڕاگوزەر دەشێت بە بێ وشە بێت یان لەگەڵ وشەدا بێت، ئەم ڕاهێنانە هاوکاریمان دەکات بۆ دۆزینەوەي شتە نادیارەکانی ناو تێکست، دەرخستنی نەبینراو بۆ حاڵەتێکی بینراو، هەر لەڕێگای ئەم ڕاهێنانەوە ئەکتەر توانای باوەڕ بەخۆبوون زیاد دەکات و، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی سیقە و باوەڕکردن بە یەکتری لەنێوان ئەکتەرو دەرهێنەردا.

لەهەر دوو کتێبی ژیانم لە هونەرداو، ئەکتەر خۆ کار لەگەڵ خۆی دەکات، ستانسلافسکی دەیەوێت خودی ئەکتەر خۆی بکاتە ئوبێکتێک یان ماتریالێک بۆ کارکردن لەسەر خۆی و نزیک کردنەوەی لەژیانی ڕۆژانەی خۆی، ئەگەر موزیکارێک پرۆڤەی ڕۆژانەی لەسەر ئامێرێکی مۆزیک بێت و شێوەکارێک لەگەڵ فلچەو بۆیەدا بێت ئەوا ئەکتەر تەنها ماتریالێک لەبەر دەستی دابێت خودی خۆیەتی وەک چۆنیەتی کارکردن لەسەر ئەندامەکانی هەست ، هەستی بۆن و هەستی بەریەککەوتن و هەستی بیستن. کارکردنە لەسەر یادەروەری و خەون و فەنتازیاو نهێنییە شاراوەکانی ئەو دیوی هەستەوە، لەهەمانکاتدا گرنگی دانە بە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەو کۆکردنەوەی شارەزایی. گرنگی دان بەگەشەکردنی لایەنی ئیحساس و سۆز دروستکردنی پەیوەندییەکی ریالیستی لەنێوان ئەکتەر و بینەردا. وەک لایەنی جەستەش میتۆدەکەی ستانسلافسکی هاوکاری ئەکتەر دەکات بۆ دوورکەوتنەوە لە حاڵەتی گرژی جەستە و نواندنی میکانیکی، هەموو ئاماژەیەکی جەستە دەبێت ڕەنگ دانەوەی حاڵەتە ناوەکی و دەروونییەکان بێت.

میتۆدی ستانسلافسکی دەرەنجامی سی ساڵ کارکردنیەتی بە بەردەوامی، بە گەلێک ڕێگاو شێوەی جیاواز وانەی وتۆتەوە و بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بووە.. ئەو هەمیشە لە هەوڵی بە زانستی کردنی هونەری نواندندا بووە، هەوڵی داوە کە شێوەیەک لە زانست ببەخشێتە ئەکتەر، تا بتوانێت سیستەمێکی پێداگۆگی دروست بنیات بنێت و ببێتە پرۆگرامێکی زانستی لە چۆنیەتی وتنەوەی وانەی نواندندا، کە نەوەکانی داهاتوو بتوانن لە ڕێگای ڕاهێنانە جەستەیی و دەروونییەکانەوە سوودی لیوەرگرن.

بۆ یەکەم جار لە ساڵي ١٨٩٨ ستانسلافسکی لە گەڵ هاوکاری ڤلادیمێر شانۆی هونەری مۆسکۆ پێک دەهێنن و، ئێرە دەکەنە وێستگەیەک بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارە تیۆرییەکانی لەسەر هونەری نواندن. لە ساڵی ١٨٩٩ یەکەم ئەزموونی کارکردنی لەگەڵ باڵندەی دەریای چیخۆفدا بە ئەنجام دەگەیەنێت. ئەم بەرهەمە دەبێتە جێگای سەرنجی بینەران و سەرکەوتنێکي گەورە بەدەست دەهێنێت، لێرە کارەکانی چیخۆف دەبێتە هاوکارێکی گەورەی ستانسلافسکی بۆ کارکردن و بەئەنجام گەیاندنی تیۆریەکانی لەگەڵ کۆمەڵێک ئەکتەرو دەرهێنەری گەورەدا کە لەمڕۆدا بوونەتە ناوێکی دیاری ناو مێژووی شانۆی جیهانی.

**« ( ئەرکي نەوەی نوێی هونەرمەندانی شانۆ ئەوەیە وەڵامەکانی خۆیان لەو پرسیارانەدا بدۆزنەوە کە ستانسلافسکی کردوویەتی) گرۆتۆفسکی »**

### ئەکتەری کوردو سێبەری ستانسلافسکی

ستانسلافسکی لە کۆتاییەکانی ژیاندابووە، کاتێک شانۆ وەک بیرۆکەیەکی سادەو ساکار و ناکامل دێتە ناو کوردستانەوە، ئەگەر ئێمە ساڵی ١٩٢٥ دیاری بکەین بۆ یەکەم نمایشی کوردی، ئەوا نزیک بە دە ساڵ پێش مردنی ستانسلافسکی کورد بە بیرۆکەی شانۆ ئاشنا بووە، بە مانایەک کاتێک ستانسلافسکی لە تەواوی میتۆدو تیۆریەکانیەوە تەواو بووە ، هێشتا کورد لە سەرەتای هەرە سەرەتاکاندا بووە بۆ ئاشنا بوون بە شانۆ. لێرەدا بە کورتی و بەکوردی دەمەوێت بڵێم کە تا ساڵانی حەفتاکان شتێک نییە بە ناوی میتۆدێک بۆ ئەکتەر، یان ئەکتەر لەژێر کاریگەری میتۆدێکدا کاری کردبێت. بە مانایەکی تر کە ئێمە ناتوانین هیچ خوێندنەوەیەکمان هەبێت بۆ مانابوونی ئەکتەر بە مانا ئەکادیمییەکەی لە شانۆی کوردیدا، لەبەر ئەوەی میتۆدەکانی ستانسلافسکی وەک زانستێک لە ئەکادیمیاو پەیمانگاکاندا دەخوێنرێت، ئێمەش خاوەنی بچووکترین دەزگای هونەری نەبووین. لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان لە ڕێگای چەند خوێندکارێکی کورد لە ئەکادیمیا و پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدادەوە، سەرەتای بوونی ئەکتەری ئەکادیمی دەست پێدەکات، بەڵام بوونی چەند خوێندکارێک یان دەرچووی قوتابخانەیەکی شانۆیی کە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەکردووە، ناتوانێت ئەو کاریگەرییە گەورەیە دروست بکات لەسەر شانۆی نەتەوەیەک لە ڕووی بەزانستی کردنی شانۆ بە شێوەیەکی گشتی و پێگەیاندنی ئەکتەری پرۆفیسیۆنال



بەشێوەیەکی تایبەتی. جگە لەوەی کە ئەم شانۆکارە ئەکادیمییانە نەیانتوانیوە مومارەسەی کاری ئەکتەر بوونی خۆیان بکەن لەبەر نەبوونی دەرهێنەری بە تواناتر لەخۆیان، بۆیە بەناچاری ئەم ئەکادیمیانە زیاتر کاری دەرهێنانیان لەئەستۆ گرتووە، کە لە ڕێگای کارکردن لە بەرهەمێکی شانۆیدا، بتوانن هەندێک زانیاری لەسەر چۆنیەتی نواندن بدەنە ئەکتەرەکان. زۆر جارانیش خۆیان هەم ئەکتەرو هەم دەرهێنەر بوون، ئەم حاڵەتەش وادەکات کە تواناکان دابەش بن بەسەر نواندن و دەرهێناندا، کە دەشێت لایەک هەقی ئەویتریان بخوات. لێردا ئەم دەرهێنەرانە دوو ئەرکیان لەسەر شان بووە، یەکەم وەک دەرهێنەرێکی ئەکادیمی هەوڵیانداوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری شانۆ وەک لایەنی تەکنیک و ڕەگەزەکانی تری شانۆ، دووەم وەک مامۆستایەک ئەرکی فێرکردنیان لەسەر شان بووە لە ڕووی نواندنەوە، کەواتە لێرەدا شانۆی کوردی لە قەیرانی بەردەوامی ئەکتەری ئەکادیمیدا بووە. مێژووی نواندن لە شانۆی کوردیدا تا ساڵانی حەفتاکان، تەنها لاساییکردنەوەیەکی ڕووکەشی سادەو دوور لەهەموو بنامەیەکی بە مانا ئەکتەر بووە. لەسەر جەم ئەو میتۆدانەی کە لای ستانسلافسکی هەبوو، تەنها یەک کردەی بچووکی ئەو میتۆدەی لای ئەکتەری کورد بەدی دەکرێت، ئەویش وا فێرکراوە

کە چۆن بتوانێت لاسایی ژیان بکاتەوە، بەڵام ئەم هەوڵەشیان بە شێوەیەکی عەفەویانەی نادروست بووە، بەبێ ئەوەی خۆیان بزانن کە ئەمە میتۆدێکە کە بەشێوەیەکی هونەری کاری لەسەر کراوە. لە ساڵانی هەشتاکان و کاتێک پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە سلێمانی دەکرێتەوە و کۆمەڵێک خوێندکاری تریش بە بەردەوامی بە ژمارەی زیاترەوە ڕوو لە بە غداد دەکەن بۆ خوێندنی شانۆ، ئیتر ستانسلافسکی بە تەواوەتی دەناسرێت، خوێندکار بەدوای کتێبەکانی ستانسلافسکیدا دەگەڕێت. ئەگەر چی بە ژمارەیەکی زۆر کەم ئەو کتێبانە هەبوون بەزمانی عەرەبی، کە زۆر قورس بووە بۆ خوێندکارێکی پەیمانگا بە عەرەبییەکی پۆلی سێی ناوەندیەوە کە لە (کانەوە ئەخواتی) تێپەڕی نەکردووە، بتوانێت ستانسلافسکی

بخوێنێتەوە و تێی بگات. پرسیارەکە ئەوەیە کە کتێبێک بە هەموو گرنگیەوە، یەکەم بنەمای فێربوون بێت بۆ پیشەی ئەکتەری، بەڵام شانۆکارێک ئەم کتێبە وەرنەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، بۆیە من لەم قۆناغەشدا شکم هەیە لە تێگەیشتن لە ستانسلافسکی لەلایەن شانۆکارانی ئەو کاتەوە. هەندێک جاریش خودی هەندێک لە مامۆستایانی پەیمانگا کاریگەریان هەبووە لەسەر کەم کردنەوەی بەهای ستانسلافسکی لەلای خوێندکارەکانی، لەبەرئەوەی مامۆستاکە خۆی لەژێر کاریگەری میتۆدی هەندێک دەرهێنەری تری جیهانیدا بووە. بەڵام ئەوەی بیر چۆتەوە کە زۆری دەرهێنەرە جیهانییەکان لە میتۆدەکانی ستانسلافسکیەوە دەستیان پێکردووە، هەندێکیشان بە پراکتیکی کاریان لەگەڵ خودی ستانسلافسکیدا کردووە وەک مایرهۆڵد بۆ نموونە. لە لایەکی تریشەوە ئەو مامۆستایە ئەوەی بیر چۆتەوە کە پەیمانگا جێگای پەروەردەکردن و فێرکردنە، لە ڕووی ئەکادیمیەوە دەبێت خاوەن پرۆگرامێکی ستانداربێت. ئەگەر ئێمە سەرەتای ساڵی هەشتاکان بە ناسینی ستانسلافسکی دانێین و لێرەوە بمانەوێت باس لە ئەکتەری پرۆفیشناڵ بکەین، نابێت دڵمان بەوە خۆشبێت کە تەنها بەناسینی میتۆدەکانی ستانسلافسکی ئێمە بووینەتە خاوەنی ئەکتەری





پرۆفێشیۆناڵ. لەبەر ئەوەی ناسین و خوێندنی ستانسلافسکی مەرج نییە بۆ بوون بەئەکتەری بەتوانا و پرۆفێسیۆناڵ. ئەتوانم بڵێم تا ئێستا ئێمە جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم کە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن، خاوەنی هیچ ئەکتەریک نین کەبە تەواوەتی توانیبێتی تەنانەت لەژێر سێبەری میتۆدەکانی ستانسلافسکیدا خۆی پێگەیاندبێت، توانیبێتی خاوەن ڕاهێنانی ڕۆژانەی دەنگ و جەستەی خۆی بێت، کاتی تایبەتی هەبێت بۆ گەشە هەستییەکانی خۆی و لەرووی خەیاڵ و فەنتازیاوە. میتۆدەکانی ستانسلافسکی لای ئێمە بۆتە هەقایەت و یەک بۆ ئەوی تری دەگێڕێتەوە، بەمانایەک بۆتە تیۆرێکی دەمی، لەدەمەوە بۆ دەم دەڕوات، بێ ئەوەی گرنگی بە ماهیەت و ناوەرۆکی میتۆدەکە بدرێت. ئێمە ژمارەیەکی زۆر ئەکتەرمان هەیە کە هاوی و ئاماتۆرن هیچ خوێندنێکی شانۆییان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان کاسبکارن و کە زۆر جاران شێوەی کارەکەی زۆر دووره لەبواری شانۆوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر نواندنی هەیەو خۆی بە ئەکتەرێکی پرۆفیشیۆناڵ دەزانێت، کەمن شکم هەیە لەوەی نەک هەر ستانسلافسکی نەخوێندۆتەوە، بەڵکو هەر بزانیت کێیە و ناویشی بیستبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەردەوام کراوەن بە ڕووی ئەم جۆرە ئەکتەرانەدا لەبەر ئەوەی زۆرترین خەڵک دەهێننە پێکەنین، نەک لەبەر ئەوەی ئەم ئەکتەرانە توانیویانە لە سێبەری ستانسلافسکیدا خۆی پێگەیاندووە بۆیە بوونەتە ئەکتەرێکی بەناوبانگ. سەرەڕای ئەو سەرنج و تێبینیانەی کە لەسەر ئەکتەری کوردی هەیە تایبەت بە کاریگەری میتۆدەکانی ستانسلافسکی، بەدرێژایی ساڵەکانی هەشتا تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت، ئێمە ناتونین ناتوانین دەوری بەرچاوی ئەکتەرانی وەک ئەحمەد سالارو ئازادجەلال و کامەران ڕەوف و شەماڵی عەبەڕەش لەیاد کەین، وەک خانمان دەوری ژیان ئیبراهیم و فرمێسک و میدیاو نیگار لەیاد کەین. لەگەڵ داوای لێبووردنیشم بۆ کاری ئەو ئەکتەرە گەنجانەی ئەمڕۆی شانۆی کوردی، لەبەر هۆکاری دووریم من ئاشنا نیم بە کارەکانیان.

دەشێت لەم ڕۆدا میتۆدەکەی ستانسلافسکی جێگای پرسیار بێت، لای هەندێک قبوڵ بێت و لای هەندێکێش جێگای ڕەخنە بێت، بەڵام لەهەموو سەردەمێکدا ( ئەکتەر بەو پرسیارانە دەژی کە ستانسلافسکی کردوویەتی نەک وەڵامەکانی)*

*(بەختیار عەلی لە نووسینێکدا دەڵێت کە مرۆڤایەتی بەو پرسیارانە دەژین کە فەیلەسووفەکانی یۆنان کردوویانە نەک بە وەڵامەکانیان. بەڵام من ئەو ڕستەیەم بەو شێوەی سەرەوە دەستکاری کردووە)

**سەرچاوە:**

Regi skolen : Irina Malocheviskja
Teater i perspektiv : Siren Leirvåg
Stanislavskijs metode: Øystein Stene



# شانۆکاری کوردو یۆتۆپیای شانۆی عێراقی

## (ئەم وتارە بەرەنجامی سێ ساڵ بەریەککەوتنمە لەگەڵ نێوەندی شانۆی عێراقیدا)



**شکۆ عومەر کاکەڕەش***

ئەوەی کە ڕاستییەکی ڕوون و زانراوە، شانۆی عێراقی تا ئەم ساڵانەی دواییش لووتکە و نموونەی باڵا بووە بۆ شانۆکاری کورد و هەمیشەش خەونی شانۆکاری کورد ئەوە بووە کارەکانی لە ناوەندی شانۆیی عێراقدا بخاتە ڕوو بەو هیوایەی کە دەرگای فراوانتری بەڕوودا بکرێتەوە و بەریەککەوتن لەگەڵ بزاوتێکدا دروست بکات کە ئەگەر وەک تەمەنیش بۆی بڕوانین ئەوا بەر لە بزاوتی شانۆی کوردی دروست بووە و چ وەک ئەکادیمییەتیش زیاتر نێوەندێکی ئەکادیمی بووە تا نێوەندی شانۆی کوردی. دیارە ئەمە بۆ ئەو شانۆکارانەش هەر ڕاستە کە خەونیان بە شانۆیەکی نەتەوەییەوە بینیوە، چونکە ئەگەر شانۆکارانی عێراقی لە سەرەتای هەشتاکانەوە هەوڵی بە نەتەوەیی کردنی شانۆکەیان دابێ ئەوا لە نێو شانۆکاری کورددا لە سەردەمی بەیەککەوتنی کلتوورە جیاوازەکانی گەلاندا ئەم هەوڵە درا تا پەتای (بە نەتەوەیی کردن) شانۆی کوردیش بگرێتەوە، بەڵام مایەی خۆشحاڵیە کە ئەم هەوڵە سەری نەگرت بەوەی لە سەردەمی تێکەڵ بوون و بەریەککەوتنی کلتوورە جیاوازەکانی دنیادا هەوڵی قەتیس کردنی شانۆ بدرێت لە نێو بۆتەی نەتەوەیی بووندا. ناکرێ نەوەی ئەزموونکاری شانۆی کوردیش لەو سەرسام بوون و ژێر کاریگەری کەوتنەی شانۆی عێراقی بەدەر بن بەوەی کە ئەزموونکارییەت و کاری لابۆری لە شانۆی عێراقدا بەر لە شانۆی کوردی پیادە کراوە و ئاگایی شانۆکاری عێراقیش هەمیشە زۆر پێش شانۆکاری کورد کەوتووە، هەڵبەت ئەمانەش هۆکارگەلی خۆیان هەیە، کە ئەکرێ لە چەند خاڵێکدا ڕاڤەیان بکەین.

بەر لە هەموو شتێک نابێ ئەوەمان لە یاد بچێت کە زۆرترین قورسایی شانۆی عێراقی بەر بەغدادی پایەتەخت دەکەوێت، چونکە ئەگەر کەمێک ئاگادار بین دەبینین هەر شانۆکارێک لە هەر شوێنێکی عێراق هەوڵ و ئەزموونێکی تازە و جیاوازی کردبێت لە زووترین ماوەدا خۆی گەیاندووەتە بەغداد و لەوێ ئەزموونەکانی پیادەکردووە و تەبەنی شانۆکاربوونی خۆی کردووە و ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە سیستمی سیاسی ئەوکاتی عێراق لە تەواوی کایەکانی ژیاندا هەوڵی بەمەرکەزیکردنی پایتەختی داوە و هەموو کارە ناوازەکان لە بەغداوە دەرگایان بەڕوودا کراوەتەوە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئێمە زیاتر مامەڵە لەگەڵ بەغدادا دەکەین و ئەم شارە دەخەینە ژێر لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکانی ئەم وتارەوە. بۆیە دەبینین هەر لە چوارچێوەی سیستمی بەمەرکەزیکردنەکەدا گرنگی دانی زۆری دەسەڵات بوو بە خودی ئەم هونەرە لە بەغدا بە کردنەوەی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا و دواتر ڕەوانەکردنی پۆل پۆل شانۆکاران و خوێندکارە باشەکانی ئەکادیمیا بۆ خوێندنی دوایین تێزەکانی شانۆ بۆ وڵاتە جیاوازەکانی جیهان و پاشان گەڕانەوەیان بۆ عێراق (بەغداد) بۆ پراکتیک کردنی ئەو زانستانەی کە لە زانکۆکانی جیهاندا وەریان گرتووە و کردنەوەی لابۆری درێژخایەن و پەروەردەکردنی نەوەی نوێی شانۆی عێراقی کە لە ساڵانی دواتردا ئەنجامەکەی بینرا و دەرکەوت. لە پاڵ ئەمەدا کردنەوەی چەندین هۆڵ و شوێنی نمایش بە ڕووبەر و قەبارە و چۆنیەتی جیاوازەوە، نموونەی ئەمەش (هۆڵی شانۆی ڕەشیدی نێودەوڵەتی و هۆڵی شانۆی نیشتیمانی، مونتەدای شانۆی عێراقی، هۆڵی ئەکادیمیا، هۆڵی (ستین کرسی) و دەیان هۆڵ و شوێنی جیاوازتر کە هەریەکەو بۆ جۆرە نمایشێک گونجاوە بەوەی تەنها مونتەدای شانۆی عێراقی چەندین شوێنی گونجاوی تێدایە بۆ نمایش و وەک خۆیان دەڵێن: مونتەدا هەمیشە ماڵی شانۆکارە ئەزموونکارەکانی عێراق بووە و لێرەوە ئەزموونکاریەتی خۆیان سەلماندووە. هۆڵی (ستین کرسی)ش یەکێکی ترە لەو هۆڵانەی کە هەمیشە بۆ نمایشە نوخبەوییەکان تەرخان کراوە و هۆڵی شانۆی نیشتیمانیش بۆ ئەو گروپانە تەرخان کرابوو زیاتر کارەکانیان لەو جۆرە نمایشانە خۆی دەبینیەوە کە گرنگی بە بابەتی کەلەپووری و نەتەوەیی و....هتد دەدا. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی شانۆی عێراقی بوونی چەندین تیپی زەبەلاح و بە ئەزموون بوو کە



ناوه دیارەکانی ئەوسای شانۆ کارەکانیان تێدا ڕێکخستبوو ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکی ئەو تیپانە راستەخۆ سەر بە حکومەت بوون و بودجە و پارەی کراوەیان بۆ تەرخان کرابوو وەک تیپی (فرقه القومیه للتمپیل و فرقه فن الحدیپ) بێجگە لەبەرهەمی ئەم تیپانە سالانە لە ئەکادیمیا و پەیمانگاوە چەندین نمایش پێشکەش دەکران کە ئەمانیش ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بەرەو پێشچوونی ئەو رەوتە شانۆییە بە تایبەت پەیمانگای هونەرەجوانەکان کە بەردەوام مەڵبەندێک بووە بۆ دروست کردنی شانۆکاری چالاک و نمایشی بەپێز و هەر ئەم پەیمانگایەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ کردنەوەی ئەکادیمیا بەوەی یەکەم پەیمانگای هونەرەجوانەکانە لە سەر ئاستی عێراق و لە سالانی سییەکانەوە بە بەردەوام نەوەی تازەی بە شانۆی عێراقی بەخشیوە.

هەر لەدرێژەی سیاسەتی بەمەرکەزیکردندا وەزارەتی رۆشنبیری عێراق ئەگەر فێستیڤاڵێکیشی بۆ شانۆی کوردی سازبکردایا هەر لە بەغدای پایتەخت بەرێوەدەچوو. یەکێکی تر لە هۆکارەکان حزوری بەردەوامی چەندین فێستیڤاڵی عێراقی و عەرەبی بووە لە عێراقدا کە زیندووترینیان فێستیڤاڵی شانۆی عەرەبی و فێستیڤاڵی شانۆی لاوان بووە.

ئێستا لە دوای خستنەڕووی ئەو هۆکارانە ئەتوانین کاریگەر بوونی شانۆکاری کورد بە شانۆی عێراقی بخەینەڕوو. شانۆکاری کورد لەو سەردەمەدا وەکو هەر توێژێکی تری کۆمەڵگا بووە قوربانی سیاسەت بەوەی کە ڕێگە نەدەدرا هیچ کایەیەکی کۆمەڵگای کوردی گەشە بکات و سەبەخۆیی وەرگرێت بۆیە دەبینین دەگمەنن ئەو کەسانەی کە شانۆیەکی زانستی و جدییان کردبێت لە دەرەوەی چوارچێوەی سەرسام بوون بە شانۆی عێراق، هەڵبەت داخراوی و گۆشەگیرکردنی عێراق و کوردستان بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتەوە و دابراندنی تەواوەتی لە دنیای دەرەوە کاریگەری راستەخۆی لەسەر شانۆی کوردی هەبوو. ئەمە جگە لە سنوورداری ئاستی مەعریفی شانۆکاری کورد کە زۆربەی سەرچاوە و تیۆر و زانست و تەنانەت هەواڵەکانی شانۆی جیهانیشی هەر لە ڕێگەی شانۆ و شانۆکارانی عێراقەوە پێدەگەیشت، بەم پێیەش هیچکات شانۆکاری کورد بە ئاگاتر نەبوو لە شانۆکاری عێراقی بەوەی کە ئەو سەرچاوە و زانیارییانەی کە هەبوون لە دەستی دووەمەوە بە شانۆکاری کورد دەگەیشتن. ئینجا هەموو ئەم هۆکارانە وایان کرد کە شانۆی عێراقی چ لە ئاستی شانۆی جیهانی و چ لە ئاستی شانۆی عەرەبی پێگەی تایبەتی خۆی هەبێت بۆیە ئاساییە لە وەها دۆخێکدا شانۆکاری کورد سەرسام و کاریگەر بێت بە شانۆی عێراقی.

هەموو ئەمانەی کە خرانەڕوو قۆناغی ڕابردوو بوو و هی سەردەمێک و بوو کە بە هەموو پێوانەیەک لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆدا جیاوازی زۆریان هەیە و هەر ئەو جیاوازییانەش وادەکەن کە هەندێک لەو هاوکێشانەی سەرەوە لە ئێستادا پێچەوانە ببنەوە و ئاستی شانۆی عێراقی گۆڕانی بەسەردا بێت و شانۆی کوردیش بەهەمان شێوە بچێتە ئاستێکی ترەوە. ئەگەر جاران شانۆی کوردی هەڵقوڵاوی هەستی نیشتیمانی و سەرکێشی شۆڕشگێڕانە بووبێت و شانۆی عێراقی بەرەنجامی بیرکردنەوەی جدی و دۆخی ئاسایی و لە باری کۆمەڵگا بووبێت و نا شێواوی کۆمەڵگا کاریگەری سلبی بەسەرییەوە نەبووبێت ئەوا لەگەڵ سەدەی نوێدا پێچەوانە بووەتەوە و کۆمەڵگای کوردی ئارامترە لە دۆخی عێراق و بیرکردنەوەی شانۆکاری کوردیش سەلیمترە لە شانۆکاری عێراق. هەر لەو مێژووەوە ئیدی دەرگای دنیای دەرەوە بەرووی کۆمەڵگای کوردیدا کرایەوە و شانۆ و شانۆکارانیش سوودمەند بوون لەم کرانەوەیە ئیدی چ لە ئاستی تیۆری بە وەرگێڕانی سەرچاوە و کلتووری گەلان و چ بە پراکتیک لە بانگهێشتکردنی گروپ و شانۆکارانی دنیا بۆ کوردستان و

هاوکات بردنە دەرەوەی نمایش و ئەزموونی شانۆکاری کورد بۆ وڵاتانی دنیا بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی کلتووری و نزیکبوونەوەی زیاتر، هەروەک ئەمە لە ڕێگەی سازدانی فێستیڤاڵە جیاوازەکانەوە زیاتر بەرجەستە دەبێت. لەبەرامبەر ئەمانەدا دۆخی شانۆی عێراقی لە ئێستا دا بە وتەی کەسە ئەکادیمی و ناوە دیارەکانی شانۆی عێراق لە ئاستێکی خراپ و لاواز دایە پێیانوایە شانۆی عێراق لە ئێستادا لە خراپترین ئاستیدایە و هەرچییەک کراوە ئەبێ لانی کەم هەوڵبدرێ شانۆ بگەڕێنرێتەوە بۆ ئاستی ساڵانی هەشتاکان کە ئەوجێی گەشانەوەی شانۆ بووە لە عێراقدا دیارە ئەم ڕەشبینیانەش عەفەوی نین و لە ئەنجامی پێشکەشکردنی ئەو نمایشە ئاست لاوازانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە دوای ساڵانی نەوەدەکانەوە نمایش کراون، لێرەدا ئەگەر کەمێک وردتر بینەوە دەبینین ئەو تێکچوون و شێواویەی کۆمەڵگای عێراقی تەنانەت کاریکردووەتە سەر ئەو ئایکۆنانەش کە لەسەردەمی گەشانەوەی شانۆی عێراقیدا ئەزموونی جیاوازیان پێشکەش کردووە، بەوەی کە بە وتەی زۆبەی شانۆکاران زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی کە لە هەشتاکاندا ئەزموونی جدییان نمایش ئەکرد لە ئێستادا کاری هێندە لاواز پێشکەش دەکەن کە نەک تەنها شەرمە لەسەر شانۆی عێراقی و ناوی ئەو هونەرمەندانە ئەژمار بکرێن، بەڵکو مومکین نییە ئەو کارانە بەرهەمی ئەقڵی گەنجێکی سەرەتای شانۆش بێ، ئەم ئاڵوزییەی شانۆی عێراقی لە ئێستا هێندە بەروونی هەستی پێدەکرێت کە کەمتر ئومێدی هەستانەوەی لێدەکرێت ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا و ڕەنگدانەوەی ئەم تێکچوونەش لەسەر خودی شانۆ و شانۆکاران دەبینرێت بەوەی کە دەگمەنن ئەو نمایشە شانۆییانەی هاوارکردنێکی زیاد لە پێویست (مبالغ) و تەقەکردن و ژاوەژاوێکی وەهای تێدا نەبێت کە ببێتە هۆی بێزارکردنی بینەر و تێکچوونی حاڵەتی تەماس گرتن و تێفکرین لەگەڵ نمایشەکەدا! ئەکرێ لێرەدا نموونەیەک بهێنمەوە (لە کۆڕی ڕەخنەیی شانۆیی ((بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە)) کە لە ئەکادیمیا نمایشمان کرد هێرشێکی زۆر کرایە سەرم بەوەی کە من لە نمایشەکەمدا کارم لەسەر ئیقاعێکی نزم



کردووە و ئەکتەرەکان (فلادیمێر و ئیستراگۆن) هاواریان نەکردووە و بۆ دەبڕینی بێزارییەکانیان و گلەیی کردن لە قەدەری خۆیان......!!!وەڵامی من ئەوە بوو کە من مرۆڤێکم لە کۆمەڵگایەکدا ئەژیم جیاوازە لە کۆمەڵگای عێراقی و هەڵگری کلتوورێکی ترم کە ئەمەش وادەکات بیرکردنەوە و ڕوانینم بۆ چەمک و بوارەکانی ژیان جیاوازتر بێت لەوان، کە لە کۆمەڵگای عێراقی دوای داگیرکردن و وێران بووندا ئەژین... هەڵبەتە ئەم وەڵامە بۆ کەسە بەئاگاکانیان باوەڕپێکراو بوو، بەڵام بەلای زۆربەیانەوە ئەسڵەن من لە لاوازییەوە ئیشەکەم لەو ئاستە ئیقاعییەدا پێشکەش کرد و وەڵامەکەشم بە ڕەگەزپەرستی و جیاکاری نەتەوەیی لەقەڵەمدرا.) بەڵام نابێ ئەم شێوازە بیرکردنەوەی باسمانکرد بەسەر هەموو شانۆکارانی عێراقدا بچەسپێنرێت و بێ ویژدانییە ئەگەر پێمانوابێ کە ئەم پەتایە هەموو شانۆکارانی عێراقی گرتووەتەوە، چونکە هەر لەو ناوەندە فەوزەوییەی شانۆی عێراقدا نمایشگەلی وەکو (هاملێت لە ژێر نەصبی حوریە)ی هادی مەهدی و (ماکبێس)ی ئەحمەد حەسەن موسا و (دوا شریتی کراپ)ی خوێندکار عەلی کەریم و هەندێ کاری تر پێشکەش کران کە دوای بینینی ئەم جۆرە کارانە ئیدی وا هەست دەکەی کە شانۆی عێراقی لەوپەڕی گەشانەوە و دۆخی تەندروستدایە.

بۆیە ئێستا لە دوای ئەو گۆڕانکارییانەوە کە بەسەر شانۆی عێراقی و شانۆی کوردیدا هاتوون چیتر ناکرێ شانۆکاری کورد هەر وەک ساڵانی هەشتاکان بۆ شانۆی عێراقی بڕوانێ و پێیوابێ کە هەموو ئەزموونێکی باش لە پەراوێزی شانۆی عێراقییەوە بەرهەم دێت. ئیتر سەردەمی بە مەرجەعبوونی شانۆی عێراقی کۆتایی هات و بە پێچەوانەوە شانۆی کوردی هەم لە ڕووی پەیوەندی بە دنیای دەرەوە هەم لە ڕووی بوونی سەرچاوەی مەعریفەوە ئەگەر هاوتای شانۆی عێراقی نەبێت ئەوا بێگومان لەو ئاستە کەمتر نییە. ئەوەی کە دەمێنێت دەکەوێتە سەر خودی شانۆکاران بەوەی بە بیرکردنەوە و خەیاڵ و ڕوئیای نوێ و مەعریفەی تۆکمە ئەزموونەکانیان بەرنە ئاستێکی تر و تخوبەکانی لۆکاڵییەت تێپەڕێنن و بیانگەیەننە سەر زەویەکانی سەرمەدی و شاکاری.

*خوێندکاری دوا قۆناغی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا/ بەشی هونەرەکانی شانۆ

# بەدراماکردنی شانۆ، دەیگێڕێتەوە سەردەمی زێڕینی



عەبدولغەفار عەبدوڵڵا

دەمەوێ لە ڕێگەی ئەو چەند دێڕە نووسینەمەوە، بۆ دووەم فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر، چەند شتێک بهێنمەوە هزری شانۆکاران و شانۆدۆستان، بە تایبەتی ئەوانەی خەمی بەرهەمهێنان و بزاڤی شانۆیان لە ئەستۆ گرتووە. دەمەوێ باسێک بهێنمەوە بیری شانۆکاران، کە سەردەمانێک بەرهەمە شانۆییەکان دوو ئاڕاستە و دوو وێنای جوانی دەخستە بەرچاوی بینەر، ڕوونتر بڵێم ئەو شانۆیەی ئەو سەردەمەی من گەرەکمە باسی لێوە بکەم، شانۆیەک بوو هەم شانۆ بوو، هەمیش دراما، چونکە هەر شانۆیەک کە نمایش کرابا، وێنەی دەگیرا و لە قالبی درامادا، جارێکی دیکە هونەردۆست و هۆگرانی بینینی دراما، دەیانبینییەوە و بە جۆرێکی دیکە چێژیان لێی وەردەگرت، بەڵام ئێستا ئەو شانۆ و درامایە لە یەکتر دابڕاون و بەیەکجاری لێک جیا کراونەتەوە، کە ئەمەیان لەوانەیە هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ قەتیس مانەوەی چەندان شانۆی ڕەنگین لە ڕووبەرێکی کەمدا و مراندنیان کە بە ئاوێنەی گەل دادەندرێت، ئایا ناکرێ جارێکی تر ئەو دوو هونەرە بەیەک بگەیەندرێنەوە و دەستلەملانێی یەک، حەزی بینەرە هونەرییەکان تێر بکەن؟ چونکە سەرنجدانی شانۆ لەسەر سەکۆی شانۆ و بینینی لە شاشەی تیڤی، تام و چێژی جیاوازیان هەیە و هەندێک حەز دەکەن شانۆ لەسەر شاشە و بازێکیش پێیان خۆشە شانۆ لەسەر تەختە و سەکۆی شانۆ ببینن، بۆیە بەدراماکردنی شانۆ، وێڕای خزمەتکردن بە شانۆ و جوانترکردنی کارەکە، کوشتنی دوو چۆلەکەیشە بە بەردێک، چونکە لەو بارەدا دەتوانین دوو جۆرە بینەری بیر جیاواز لەو بەرهەمە کۆ بکەینەوە. ئاگەر باس لەسەر ئەوە بێت کە گوایە بەدراماکردنی شانۆ، بۆ سەردەمێکی جیاواز بووە و بەسەر چووە، ئەو ڕایە لە هەڵەیەکی زەقی هەستپێنەکراودایە، چونکە ئێستەیش شانۆی دەیان هونەرمەندی گەورەی عەرەب و میسر وێنەی دەگیرێت و لە قالبی درامادا لە شاشەکانەوە دەخرێنە بەر چاوی بینەر و لە ناو هزریاندا هێندەی دیکە دەیچەسپێنن.

لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بووری، لەسەر دەستی پۆلێک هونەرمەندی توانازۆر، چەندان شانۆ بەرهەم هێندران، دیارە ئەو کاتە بزاڤی شانۆ لە ئێستە زیاتر گڕوتینی هەبوو، خەمخۆرانی شانۆ و هونەردۆستان زیاتر لە خەمی ئەوەدا بوون شانۆ و بینەر لەیەکتر نزیک بکەنەوە و هەمیشە وەک دڵبەر و دڵدارێک، لەیەکتر نزیک ببنەوە. هەر لەبەر ئەوەیشە، هونەرمەندان و هونەردۆستان ئەو سەردەمەی ڕای بورد، بە سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردی دادەنێن، ناسناوی "زێڕین"، کە بە باڵای ئەو ساڵانەدا بڕاوە، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو سەردەمە شانۆ چۆن بووە، بە جۆرێک پەیامێکی هەبووە، هەمیشە بینەری ناو هۆڵەکان و بینەری شاشەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە.

ئەو ساڵانەی کە هێمام بۆی کرد، بۆیە شانۆ ئەوەندە سەرکەوتوو و سەرفراز بووە، چونکە زۆرینەی بەرهەمە شانۆییەکان دوای ئەوەی ماوەیەکی باش لە هۆڵەکانی شانۆ نمایش دەکران، پاشان بیریان لەوە دەکردەوە چۆن ئەو بەرهەمانە بگەیەننە ئەو بینەرانەی لێی بێبەش بوون و نەیانتوانیوە لەسەر تەختەی شانۆ ببینن، بۆیە بیریان لەوە کردووەتەوە، کە دەبێ ئەو بەرهەمانە بە ڤیدیۆ بکرێن و لە شێوەی درامایەکدا وێنەی بۆ دەگیرا و لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە ئەو بەرهەمە شانۆیانە دەگەیشتە لای بینەر، کە ئەمە بیرۆکەیەکی زۆر باش و بەجێ بووە.

پێم وایە ئەو بیرۆکەیە وایکرد




دەیان و سەدان بەرهەم ببنە مایەی ئەوەی شانۆ هەمیشە ئامادەیی هەبێت و ئەو پەیامەی هەڵیگرتبوو، بیگەیەنێتە ترۆپکی مەبەست، ئەو شانۆیانە بە ڤیدیۆ کران و هاتنە بەرهەم، تا ئێستاش لە هزری بینەردا ماون، ئێستەیش ئەگەر بەو کوالیتییە رەش و سپییەی کە وێنەی بۆ گیراوە، سەیری هەریەک لە بەرهەمەکانی (جەنابی موفەتیش، هەبوو نەبوو، پیسکەی تەرپیر، لانەوازان، خولە چەخماخە، لاس و غەزاڵ) چەندان بەرهەمی دیکە بکەین، دەردەکەوێت چ مێژوویەکی جوانی لای بینەر تۆمار کردووە، جوانیی ئەو شێوازە کارکردنەی جارانی هونەرمەندی شانۆکاری کوردیی گەیاندە ئامانج، ئەگەر ئەو بەرهەمە شانۆییانەی جاران نەبوونایە، پێم وایە درامای کوردییش ئەو هێز و تینەی نەدەبوو، چونکە ئەو هونەرمەندانەی ئەو سەردەمەی کە لەگەڵ شانۆ دڵدار و دڵبەر بوون، ئەوانیش کاتێک لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن خۆیان بینییەوە، ئیتر پەیامەکەیان لە بری ئەوەی تەنیا لە نێو هۆڵەکانی شانۆدا بێت، ئەمجارە گەییشتە ماڵەکان و ئەو بینەرانەیان زیادی کرد و جەماوەر و بینەریش زیاتر بوونە هاندەر و پاڵپشتیان بۆ ئەوەی بەردەوام بیر لەکاری باشتر و جوانتر بکەنەوە.

دڵنیام ئەگەر ئەو بەرهەمە شانۆییانە ئەو کاتە وێنەیان نەگیرایە، ئەو هەموو هونەرمەندە شانۆکارە لە خزمەتی درامای کوردیدا نەدەبوون، چونکە زۆربەی ئەو هونەرمەندانە کە هاتنە نێو کاری هونەریی نواندنەوە، خۆیان بۆ ئەوە تەرخان کردبوو لەسەر تەختەی شانۆ خزمەت بکەن، بەڵام شانۆی ئەو کات پێی گوتن دەبێ ئێوە هەڵگری پەیامێکی دیکەیش بن، ئەویش دراما و تەلەڤزیۆنە، بۆ گەواهی قسەکانیشم تا ئێستەیش، شانۆیە ئەکتەر بەرهەم دەهێنێت و بەرەو دنیای درامای دەنێرێت و دەیکاتە ئەستێرە، تا هەنووکەیش هونەرمەندە بەئەزموونەکانی ئەو کات، کە خەمی شانۆی کوردیان لە ئەستۆدا بوو، درامای کوردی بەردەوام پێویستی بە ئەوانە، چ بەرهەمێکی درامی هەیە لە ساڵانی هەشتاکانەوە تا دەگاتە ئێستە، هونەرمەندانی وەک (ئەحمەد سالار، عەلی ئەحمەد، عەبدولی حەمە جوان، سەعدوون یونس، یاسین قادر بەرزنجی، مستەفا ئەحمەد، یونس حەمە کاکە، زاهیر عەبدوڵڵا، گەزیزە عومەر، شلێر کۆیی، دایکی ئاریان، بەدیعە دارتاش، سەلام کۆیی، ئیبراهیم حەکیم، حاجی مەکی، زاهیر عەلی، عومەر دڵپاک، عەلی کەریم، جیهاد دلپاک، سەباح عەبدولرحمان، حەمە عەلی خان) و چەندانی دیکە، کە بە داوای لێبوردنەوەی ناوی سەرجەمیان لێرەدا جێگەی نابێتەوە، تا ئەم کاتەیش دەرهێنەرەکانی درامای کوردی ئەگەر بیانەوێ بەرهەمێک ئامادە بکەن، دەبێ هانا بۆ ئەو شانۆکارانە ببەن بۆ ئەوەی نواندن لەنێو دراماکانیان بەرجەستە بکەن.

خاڵێکی دیکەی ئەو بە ڤیدیۆکردنەی شانۆی کوردی لەو سەردەمەدا، ئەو بەرهەمانە ناو و ناوەرۆکەکانیان بە زیندوویی مایەوە، چونکە لە یادمان نەچێت هەموو کارێکی هونەری، تەنیا بە ڤیدیۆکردنەکەی دەتوانێ بۆ مێژوو بمێنێتەوە، هەروەها بۆ نەوەکانی داهاتووش ئەو ئەرشیڤە ڤیدیۆییە دەبێتە سەرمایەیەکی جێ بایەخ.

بۆیە من پێم وایە لە دوای ساڵانی نەوەدەکانەوە، تا بە ئێستا دەگات، چەندان بەرهەمی نایاب و شاکاری شانۆیی هاتوونەتە بوون، بەڵام داخەکەم لە رۆژی نمایشەکاندا ئەو کامێرا مۆدێرنە و فوول پرۆگرامە پێرفێکتانە، لە هۆڵی نمایشەکان دیار نەبوون، بەڵێ هەندێکیان دەهاتن، بەڵام چەند گرتەیەکیان بۆ هەواڵێکی هونەری، یان چەند "ئینسێرتێک" وەردەگیرا و بەبێ دەنگ تەنیا وێنەکەی لە چەند خولەکێکدا بە موزیکێکی مۆنتاژکراوی لەسەر داندراو پیشانی بینەر دەدا، تا ئێستەش ئەو ستایلە هەر ماوە، بەڵام ناکرێ هەموو گلەییەکان ئاراستەی tv ییەکان بکەین، چونکە ئەوە بەتەنیا کاری ئەوان نییە، چونکە لەوانەیە هەندێکیان ویستی لەو شێوەیان هەبێ، بەڵام رەنگە دەرهێنەرەکان بەلایانەوە ئاسایی نەبووبێت، بۆیە لێرەدا قسەی من رووی لەو دەرهێنەرە شانۆکارە بەرێزانەیە، پێویستە ئەوان پلانی لەو شێوەیان هەبێ ئەو بەرهەمە شانۆییانەی کە زۆرباشن و ناوەرۆکیان بابەتی جوانی لەخۆی گرتووە، پێویستە پلانی بە ڤیدیۆ کردنیان لەبەر دەستدا بێت، چونکە ئەو کارە دەبێتە مایەی زیاتر رۆچوون بۆ ناو خەڵک و پەیامەکەش بە شێوەیەکی چاکتر دەگاتە شوێنی مەبەست، چونکە لە ئێستەدا بینەری شانۆی کوردی ناڵێم رێژەی زۆر کەم بووەتەوە، بەڵام ئەوەندەیش زۆر نییە جێگەی دڵخۆشی بێت، ئیتر بە ڤیدیۆکردن و وێنەگرتنی بەرهەمە شانۆییەکان لەم قۆناغەدا کارێکی پڕ پێوستە و بۆ ئەوەی چیتر ئەو بەرهەمە شانۆییانەی ساڵانە شانۆکاران هەوڵی بۆ دەدەن، لە نمایشێکی 3 بۆ 4 رۆژییەوە رزگاریان بکەین و جارێکی دیکە لە رێگەی شاشەکانەوە ئاشنای بینەران بێتەوە.

پێم وایە شانۆکاران هەمیشە لەگەڵ ئەو بەرهەمەی کە ماندوو دەبن و خۆیانی لەگەڵ ماندوو دەکەن، زۆرجار ئەو پەیامەیان ناگاتە ترۆپکی هیواکانیان، ئەوەش چەندان هۆکاری لەخۆی گرتووە، کە وای بۆ دەچم یەکێک لەو هۆکارانە ئەو دابڕانەی نێوان شاشە و بینەر و ماڵەکانە، چونکە بیرمان نەچێت جاران شانۆ تەنیا لە هۆڵەکان نەبوو، بەڵکوو لە نێو ماڵانیش بوو، کە تا ئێستەش ناو و ناوەرۆکی ئەو شانۆگەرییانە لە یادەوەریی زۆرێک لە بینەراندا ماون.



# چێژی موزیک لە شـــانۆدا



ژیلوان تـاهیر *

## مەبەست لەچێژی موزیک:

هـەروەکو ئاشکرایە شانۆ دایکی هونەرەکانەو سەرجەم هونەرەکان لـەباوەش دەگـرێ وەکـو هونەری (موزیک، شێوەکاری، بیناسازی، سینەما....هتد). هونەری موزیک لەشانۆدا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەبینێ لەکات و شوێنی ڕووداوەکان و خولْقاندنی کـەش و هـەوایەکی لـەبـار بـۆ دیمەنە شانۆییەکان و چوونە ناو دەوری ئەکتەر و ریتمی نمایشی شانۆیی و سایکۆلۆژیای ئەکتەرو بینەرو وەرگرتنی چێژێکی ئیستاتیکی.

چێژ لـەزمـانـدا بریتییە لەهەست کردن لەڕێی ئامرازی هەستەوەری کە ئەرک و فەرمانی تایبەتی هەیە، کە پێک دێت لە دەم و زمان، بەڵام چێژ لە ئەدەب و هونەردا بریتییە لە هەستی سۆز و فیکر، چێژوەرگرتن لە نمایشێکی شانۆیی بەمانای چێژ وەرگرتن لە پێکهاتەکان و ڕەگەزە سەرەکییەکان، کە موزیک یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە لەرێگەی دەنگ و ئاواز و ریتمەکاندا چێژێکی تایبەتی دەبەخشێت و بەشدارە لە بونیادی درامی لە نمایشی شانۆییدا، چێژی مـوزیـک لـە شـانـۆدا لـە ئەنجامی جوولـە دینامیکییەکان دروسـت دەبـێـت کـە فــەزای نـمـایـش پێک دەهێنن، موزیک هـەروەکو شانۆ لە سەردەمی شارستانیەتی گریکەکان ســەری هــەڵــداوەو وشـەیـەکـی یۆنانییەو هونەری ژەنینی ئامێری مـوزیـک و گـۆرانـی دەگـرێـتـەوە، هـەروەهـا زانستێکە بـەردەوام لە توێژینەوەدایە.

مۆزیک لەهەموو فەزای سروشتدا بوونی هەیە، دەنگی کانی و ڕووبار و تاڤگە و هەورەتریشقە و باران و گڤەی با هەمووی دەنگی موزیکی سروشتین، دەنـگـی بـاڵـندەکـان، سـەرجـەم گـیـانـدارەکـان موزیکن، زمانێکە جیهانییە و هەموو میللەتێک تێی دەگات و چێژی لێ وەردەگرێت، هەستەکان دەلاوێنێتەوە و دڵەکان شاد دەکات و خەیاڵ فراوان دەکات و بیری مرۆڤ تیژ دەکات و جوانی دەبەخشێت بەژیان.

## موزیک لەشانۆی گریکەکان دا:-

شانۆ هەر لە ڕۆژی سەرهەڵدانیەوە لــەلای گـریـکـەکـان تـاکـو ئـەمـڕۆ لەموزیک جیانەبۆتەوە، هەمیشە موزیک رەگەزێکی گرنگی نمایشی شـانـۆیـی بـووە و لـە خولْقاندنی کەش و هـەوا و بونیادی درامیدا رۆڵێکی کاریگەری هەبووە، بناغەی سەرهەڵدانی شانۆ کە هۆکارەکانی بۆ سێ تیۆری جیاواز دەگەڕێتەوە، دیسان بە پاڵپشتی موزیک تەقسە شانۆییەکان بـەڕێوەچوو کە بەم شێوەی خوارەوەن:-

تـیـۆری یـەکـەم: بـنـەمـای درامـا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاهەنگی جەژن و نوێژە ئایینییەکانی دیۆنیزۆس کە لای گریکەکان خودای مەی بووە، لەڕۆژی جەژندا خەڵکە دەستیان دەکرد بە سەماکردن و سروود وتن و سـەردوولـکـەدان، کە هەموویان سـەربـووردەی مـەرگـەسـاتـیـان دەگـێـڕایـەوەو هـەسـت و سـۆزی دەجووڵاندن، هەروەها لەو ڕۆژەدا کـەژاوەی رازاوە بۆ ڕێزلێنان لە (دیـۆنـیـزۆس) رێـک دەخـران و لە زەنگیان دەداو مەشخەڵیان هەڵ دەگـرتـن و دەمامکیان دەپـۆشـی، ئەو جێگایەی بۆ ئاهەنگگێڕانەکە ئامادەکرابوو پڕ فـەرش دەکـراو بـەو شوێنەیان دەوت: (شـانـۆ). بۆ خولقاندنی کەش و هەوایەکی درامی ئاهەنگسازی، موزیک ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا لە راکێشانی دیمەنە شانۆییەکان و سروودو گۆرانی و ریتمی نمایش.

تـیـۆری دووەم: پێی وایـە درامـا دەگەڕێتەوە سەر ئەو نوێژو نزایانە کە لـەسـەر گـۆڕی پـیـاوە نـاودارە مـردووەکـانـیـان دەکـران و لێیان دەپـاڕانـەوە کە هـەمیشە ئاگاداری زیندووەکان بن و پێشڕەویان بکەن، دیـارە لـەو ڕۆژەدا کـە دەچـوونـە ســەر گـۆڕسـتـانـەکـان بـەگـوتـنـی سروود و گۆرانی بەڕێ دەکەوتن و قوربانیان بۆ مردووەکان دەکردو سەربووردەی ژیانیان دەگێڕایەوەو سەردوولکەیان پیاهەڵدەدان.

تـیـۆری سـێـیـەم: پـێـی وایــە کە درامـا زادەو دەرەنجامی دواپلەی گۆڕانکاری ئەو موزیک و گۆرانی و سـەماکردنەیە کە ئـادەمـیزادی هـەرەکـۆن توانیویەتی بـەم جۆرە مەگیز و ئـارەزوو خواستەکانی خــۆی دەربــڕێ و لاسـایـی سروشتیان پێ بکاتەوە، بێ گومان سـەمـاکـردنـی ئـادەمـیـزادی کـۆن لەڕێگەی لاساییەوە جم و جۆڵ و ڕۆژانــەی خـۆی ئـەنجام داوەو هەست و نەستی خۆی دەربڕیوە.

ئەوەی لامان مەبەستە بڵێین کە بنچینەی درامـا بە پێی هـەر سێ تیۆرەکە چ لەسەر نوێژو نزاکان و پاڕانەوە لە خوداو گیانی پیاوە نـاودارە مـردووەکـان بووبێ یان لەسەر موزیک و سەما کردن و ئاهەنگەکانی سـەری سـاڵ، یان

لەسەر لاسایی کردنەوەو جموجۆڵی مرۆڤی کۆن بێت. سەرجەم تەقسە شانۆییە سەرەتاییەکان بەهۆی مۆزیک و گۆرانی و سروود و سەردولکەوە بەڕێوەچووە.

## کاریگەری مۆزیک لەشانۆی تراژیدی و کۆمیدی دا:

ئەگەر رووداوە تراژیدیە جەرگ بڕەکان بینەری شانۆیی خەفەتبار بکەن و دنیای لا تاریک بکەن، ئەوا بێگومان ئەو کاتەی موزیکی خەم ئامێز دیمەنە شانۆییەکان رادەکێشێ بینەر بەتەواوی دەکەوێتە ژێر باری رووداو و حاڵەتەکان، هەروەها کاریگەری دەخاتە سەر ئەکتەریش بۆ چوونە ناو دەورەکەی. کاری موزیک لە شانۆدا تەنها پڕکردنەوەی بێ دەنگی نییە یان گەرم و گوڕکردنی دیالۆگەکان، بەڵکو کار و ئەرکەکانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان زۆر سەرەکییە لە نمایشی شانۆیی بەتایبەتی لە تراژیدیادا. لەشانۆی کلاسیکی کۆندا کۆرس ئەم رۆڵە دەبینێ و لە کلاسیکی نوێدا شاکارە موزیکە جیهانییەکانی وەکو (مۆزارت) و (بتهۆڤن) و (باخ) و هتد.. موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بەشدارییەکی کاریگەر دەکەن لە دەست نیشان کردنی کات و شوێن و ریتمی نمایشەکەو چوونە ناو دەوری ئەکتەر و سایکۆلۆژیای بینەر و لە خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی درامیانەو بەرزبوونەوەو دابەزینی رووداوەکان و هاریکارە بۆ وەرگرتنی چێژی هونەری بەشێوەیەکی ستاتیکی.

بەکارهێنانی موزیک لەشانۆ پەیوەستە بە شێواز و ستایلە شانۆییەکان لە شانۆی واقیعیدا موزیکی رەسەن و نۆرماڵ و لەشانۆی تەعبیردا، موزیکی تەعبیری بەکاردەهێنرێت و لەشانۆی کلاسیکدا شاکارە کلاسیکییەکان و هەندێک جار خەیاڵی دەرهێنەر و دانەری موزیک بڕیار دەدەن لەسەر دانان و ئامادەکردنی پارچە موزیکەکان بەپێی گونجان و کاریگەری لەسەر دیمەنە شانۆییەکان جا ئەم موزیکە دروست کراو بێت یان ئامادە، هەروەها ئیفێکتی هونەری و پرۆسەی مۆنتاژ و میکسس رۆڵی فەنتازی دەبینن لەجوان ئامادەکردنی موزیکی شانۆیی لە تراژیادا بەگشتی موزیک فەزایەکی تەواو لە نمایش داگیر دەکات و بەبێ موزیک رووداوە تراژیدییەکان ناتوانن هەست و نەستی بینەر بجووڵێنن و فرمێسکیان پێ ببارێنن.

لە شانۆی کۆمیدیادا موزیک کاریگەرییەکی باش دەبینێ. بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە کۆمیدیامان هەیە، یەکەمیان: کۆمیدیای ڕاستی (جدی) وەکو کۆمیدیای ئەرستۆفانیس، دووەم: کۆمیدیای لێ قەومان (المأساه المفجعه) لەم جۆرە درامایەدا هیچ کەسێ نامرێت، بەڵام لەمردن نزیک دەبێتەوە، کەچی لە کۆمیدیای ڕاستیدا لەزۆر بارەوە ژیان تێک دەچێت، ئەو تێکچوونەش دەبێتە هۆی پێکەنین.

شانۆی کۆمیدی لەسەر ریتمی خێراو گۆڕینی زوو زوو بنیات نراوە، پێویستە حاڵەتەکان بەکەمترین وشە بگات و راستەوخۆ خەندە ببارێنێ بەسەر لێوی بینەراندا، هەربۆیە پێویستی بە پارچە موزیکی خێرا و ریتم ئامێز هەیە و لێدانە موزیکییە جۆراو جۆرەکان رۆڵی کاریگەر دەبینن هەروەها کارتێکەرە دەنگییەکان دیسان پاڵپشتی تەواون بۆ گەیاندنی دیمەنە کۆمیدییە سەیر و سەمەرەکان، موزیکی تەعبیری لەشانۆی کۆمیدیدا زۆر بەکاردەهێنرێت، چونکە زۆر بەخێرایی دەگات. بەشێوەیەکی گشتی لەشانۆدا بە دوو شێوە گوێمان لە موزیکی دیمەنەکان دەبێت یان دەکەونە پێش دیالۆگ وەکو ئامادەکاری پێش دیمەن یان دیاریکردنی بارودۆخی دیمەنەکەیان دەکەوێتە دوای دیالۆگ و پاڵپشتی وشەکان و حاڵەتەکان دەکات کە رووداو پێک دەهێنن. ئەوەی پێویستە بگوترێ کە شانۆییەکە کۆمیدی بێ یان تراژیدی موزیک پێویستە کاریگەری بە ئاستی قەبارەی رووداوەکان بێت بە واتایەکی تر نابێت موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان رووداوی بچووک گەورە بکەن یان بەپێچەوانەوە چونکە شێواندن دروست دەکات و لەنرخ و بەهای دیمەنەکە کەم دەکاتەوەو لێ ناگەڕێت چێژێکی سکاتیکی نۆرماڵ دروست بێت و کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر تێکدانی کەش و هەوای دیمەنە شانۆییەکان. هەر بۆیە پێویستە ئەو موزیککارەی کاری ئامادەکردنی موزیکی شانۆیی دەکات شارەزایی هەبێت لە دراما و بەهەمان شێوەش پێویستە دەرهێنەر شارەزایی هەبێت لەسەر هونەر و زانستی موزیک تاکو بەتوانای هەردووکیان بتوانن پارچە موزیکی شیاو لەشوێنی شیاو و گونجاو بۆ دیمەنە شانۆییەکان دابنێن و بینەر هەست بە حەقیقەتی رووداوەکان و تابلۆ درامییەکان بکات.

## چێژی هەستی بینین و بیستن لەشانۆدا:

هەستەکانی مرۆڤ بەسەر چوار جۆردا دابەش دەبن، کە بریتین لە هەستی بیستن و بینین و گرتن و تام کردن، بەڵام لەشانۆدا زۆرتر کار لەسەر هەستی بینین و بیستن کراوە هەربۆیە بەپێویستی دەزانین باسی کاریگەری و پەیوەندی هەریەک لەم هەستانە بکەین:

-1هەستی بینین: وەکو بینەرێکی شانۆیی ئەو کاتەی کەدەچیە ناو هۆڵی شانۆ، هێشتا نمایش دەستی پێ نەکردووەو، لەو شوێنەی کەدانیشتووی سەیری دیکۆر و کەرەستە بینراوەکانی سەر شانۆ دەکەیت یەکسەر زانیاری وەردەگری کە شانۆییەکە کلاسیکییە یان واقیعییە یان تەعبیریە یان ئەزموونگەریە یان شانۆی بێهودەییە، هەروەها بۆت بەدەردەکەوێت کە نمایشەکە کۆمیدییە یان تراژیدیە و خوێندنەوەی سەرەتا زۆر گرنگە بۆ هەر نمایشێک، هەربۆیە پێویستە دەرهێنەر شارەزایی هەبێت لەهونەری شێوەکاری تاکو بتوانێت لەدیاری کردنی کوتلەکانی دیکۆر و دابەش کردنیان لەسەر شانۆ و لەدەست نیشان کردنی ڕێڕەوی ئەکتەرەکان و میزانسین هەڵبژاردنی رەنگەکاندا سەرچاوەی بڕیار دەربێت، چونکە زۆرجار لای خۆمان دەرهێنەر هەموو

کاروباری دیکۆر دەداتە دەست هونەرمەندە شێوەکارییەکەی کە دیکۆرەکەی بۆ ئەنجام دەدات کە ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، لەوانەیە هونەرمەندە شێوەکارەکە شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبێت لە هونەری شانۆ. ئێستاکە سەردەمی جیهانگەرییە هەموو دونیا لەسەر هێما بینراوەکان جووڵە دەکات، هەر بینراوێک نیشانەی تایبەتی خۆی لەسەرەو بەتابلۆ پیشان دەدرێت، هەستی بینین لەشانۆ هەموو بینراوەکانی سەر شانۆ دەگرێتەوە ئەکتەر و دیکۆر و ئێکسسوار و جلوبەرگ و ئارایشت. هەستی بینین لە شانۆدا وامان لێ دەکات زۆر بەوردبینیەوە مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی سەر شانۆ و پەیوەندی نێوانیان بکەین و مامەڵەکردنی دەرهێنەر لەگەڵ فەزای شانۆ و لەگەڵ دوورییەکانی کۆمەڵایەتی و سروشتی و سایکۆلوژی. لە شانۆ پانتاییەکی دیاری کراو هەیە کە تەختەی شانۆیە، هەر بۆیە ناتوانین شارێک بەتەواوی پیشان بدەین، بەڵکو لەمیانی چەند ماڵ و دوکانێک دەتوانین تەعبیر لەشارێک بکەین، بەڵام هەستی بینین لەمیانی دەرچوونی رووداوەکان بۆ دەرەوەی شانۆ هەستی بینینی لا هەستیمان بۆ دروست دەبێت یان ئەو وێنەو تابلۆیانەی کە بەشێکیان لەسەر شانۆ رەسم کراون یان بەدەردەکەون ئێمە خۆمان بەهەستی ئەودیوی بینراوەکان ئەو وێنانە لەبیرو خەیاڵ و ئەندێشەمان تەواو دەکەین و وێنەیان دەکێشین. هەستی بینین لە شانۆدا لە ماوەی نمایشەکەدا سەرنجمان بۆ هەموو شتەکانی سەرشانۆ رادەکێشێ وامان لێ دەکات خوێندنەوە بۆ یەکە یەکەی کەرەستەکان بکەن و نیشانەی خۆی لەسەر دابنێین و چێژ لە هەموو تابلۆ جوان و ناشیرینەکان وەربگرین لەسەر بنەمایەکی هونەری و ستاتیکی.

هەستی بیستن: ئەوکاتەی نمایشی شانۆیی دەست پێدەکات و هێشتا تاریکییەو رووناکی لەسەر شانۆ بەدەرنەکەوتووە، گوێمان لە موزیک دەبێت و هەست و نەستمان رادەکێشێ و زانیارییەکمان پێ دەبەخشێ و تێڕوانینمان بۆ دیمەنە شانۆییەکە لا دروست دەبێت، خاوە، خێرایە، تراژیدیایە یان کۆمیدیایە، ئاساییە یان نائاساییە هەرچەندە رێژەییە، بەڵام هەستی بیستن هەموو تواناکانی بەکاردەهێنێ بۆ چێژ وەرگرتن لەمیانی هەستی بیستنەوە، بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستەیە لە شانۆدا زۆرجار بەهۆی هەستێکەوە ناتوانین چێژی تەواو وەربگرین، بەڵکو پێویستە هەردوو هەستی بینین و بیستن بەیەکەوە ئەو کارە تەواو بکەن، بۆ نموونە کاتێک گوێمان لە هەورە تریشقە دەبێت لەسەر شانۆ ئەگەر بەرووناکی وێنەی حاڵەتەکە دروست نەکەین، تەنها دەنگ ئەو چێژە ستاتیکییەمان لا دروست ناکات، یان بەپێچەوانەوە و ئەگەر بە ئۆتۆمبێلەکەت بەرێگایەکی ناوچە شاخاوی و پڕ لەکانی و رووبار و دارو درەختدا تێپەڕی ئەگەر گۆرانییەک یان موزیکێکت لێدا زیاتر چێژی لێ وەردەگریّ و هەموو زانایانی بواری سایکۆلۆژی دڵنیایی دەکەنەوە کە پێویستە لەناو ماڵدا لە ژوورەکان منداڵەکانمان بەگوێ گرتن لە موزیک گوێچکەیان تێر بکەن.

ئەکتەر لە دیمەنە ئاڵۆزەکاندا، لە دیمەنە تەم و مژاوییەکاندا یان لە دیمەنە ترسناکەکاندا کە لێدان و کوشتن و بریندارکردنی تێدایە ئەگەر موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان دیمەنەکەی بۆ رانەکێشن ناتوانێ بەباشی بچێتە ناو دەورەکەیەوە و ناتوانێت کاریگەری سایکۆلۆژی باش بخاتە سەر دڵ و دەروونی بینەر. زۆرجار بینین و بیستن بەیەکەوە کاریگەرییەکەیان تەواو دەکەن یان بەرامبەرەکە رازی دەکەن بۆ نموونە ئافرەتێک دەبینی زۆر جوانە یەکسەر دڵت لەبۆی لێ دەدات، بەڵام ئەگەر دەنگی گڕ یان پیاوانی بوو، یەکسەر لەبەرامبەری سارد دەبیەوەو ناتوانی بڕیار بدەی، یان فرۆکەیەکی جەنگی ئەگەر لە ئاسمان زۆریش لێت نزیک بێت زۆر کارت لێ ناکات، بەڵام کاتێک دەیبینی و گوێت لە دەنگەکەی دەبێت یەکسەر جەنگت بە بیر دێتەوە دڵت دەترسێت.



هەستی بیستن پەیوەندی بە نەبرەی دەنگەکەوە هەیە، هەندێک دەنگ هەن زۆر دڵرفێنن وەکو دەنگی خورەی ئاو، هەندێک دەنگ هەیە بێزارکەرن وەکو دەنگی زیرەی دەرگا، هەندێک ترسناکن وەکو دەنگی هەورە تریشقە و تەقە، هەندێک دەنگ هەیە لەناکاون وەکو دەنگی تەقینەوە، راتدەچڵەکێنێ، هەندێ دەنگ هەیە خەو زڕێنە وەکو دەنگی پڕخەی مرۆڤ لەخەودا، هەندێ دەنگ هەیە خەیاڵت دەبات وەکو دەنگی گفەی با، هەندێ دەنگ هەیە خاوت دەکاتەوە وەکو دەنگی ئاوازی لایلایە بەتایبەتی بۆ منداڵان، هەندێ دەنگ هەیە زۆر ترسناکە وەکو دەنگی سەگ و گورگ. کەواتە سیفەت و پێکهاتەی هەر دەنگێک جیاوازە لەویتر

**بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لەشانۆی کوردی دا:**

مامەڵەکردنی دەرهێنەر لەشانۆی کوردیدا لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمی و هونەری دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو (سەدەی بیستەم)، دوای ئەوە دێت کە پۆلێک لەگەنجانی کورد بروانامەی شانۆیان لەبەغدا لەپەیمانگاو ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان بەدەستهێنا، کە ئەمە قۆناغێکە دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی شانۆی کورد لەو رۆژیوە گەشەی بەخۆیەوە بینی و لەشانۆی سەرتەختەی شانۆی قوتابخانەکان هاتە دەرەوە. میللەتی کورد بەحوکمی ئەوەی ناوچەکەی شاخاوی و بەرز و نزم بووەو گەرمیان و کوێستانی بەخۆیەوە بینیوەو بەهارێکی سەوز و رەنگاو رەنگ و زستانێکی باراناوی و هاوینێکی گەشت و گوزاری و پاییزێکی گەڵارێزانی سیحری هەبووە، هەر لەدێر زەمانەوە گوێچکەکانی بەئاوی کانی و تاڤگەو بەدەنگی بولبول و باوباران کراوەتەوە، هەمیشە بەدەم ئاسۆوە ژیاوەو خۆراگر بووەو حەزی لەژیان کردووە حەزی لە گۆرانی و شایی و هەڵپەرکێ کردووە، حەزی لە چڕینی مەقام و لاوک و حەیران و سیاچەمانە کردووە، بەدەنگی دەهۆڵ و زورنا تارای بووکی هەڵداوەتەوە، هەربۆیە گۆرانی و موزیک لێی نزیک بووەو بەشێک بووە لەژیانی.

دەرهێنەری کورد وەکو زۆربەی دەرهێنەرانی میللەتان بەشانۆی تەقلیدی، بەشانۆی واقیعی دەستی پێ کردووە و زیاتر لەسەر رێبازی ستانسلافسکی و هەندێک جاریش برێخت کاری کردووە، بۆ راکێشانی دیمەنە شانۆییەکان پارچە مۆزیکی هەڵبژاردەی تۆمارکراو یان وەرگیراو لە شاکارە جیهانییەکانی بەکارهێناوە، کە تەقلیدئاسا موزیکژەنێک هەڵساوە بە جێبەجێ کردنی ئەم کارەو شانۆگەرییەکانی ئەو سەردەمەش سادەو ساکارو دیالۆگی بوون نەوەک وێنەیی، هەر بۆیە موزیک دەسەڵات نەبووە لەنمایشی شانۆیی، بەڵکو تەنها هاریکار بووە بۆ دیمەنە شانۆییەکان و جگە لە پڕکردنەوەی بۆشایی، هەست و سۆزی دروست کردووە و هەموو کارەکان بەهۆی یەک تەسجیل ئەنجام دراوە. لە شانۆی کوردیدا گۆرانی و موزیکی زیندوو بەکارهاتووە، وەکو لە شانۆیی (هەبوو نەبوو، لاس و خەزال، قەرەج، مەم و زین...هتد) کە لە ساڵانی هەشتاکان نمایش کراون لە شاری هەولێر، بەڵام تەواوکەری رووداوەکان نەبوون، بەڵکو بۆ خولقاندنی تەقسی شانۆیی بوون. ساڵی 1987 لە شانۆیی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) بۆ یەکەمجار تیپی موزیکی زیندوو گۆرانیبێژ و کۆرس بەکارهێنرا، کە لە دەرهێنانی مامۆستا ئەحمەد سالار بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەی مامۆستا سالار تا ئەمڕۆ لەسەر ئەم رێچکەیە بەردەوامەو شانۆی ئاهەنگسازی و مامەڵەکردن لەگەڵ گۆرانییە کوردییەکان بەهەموو دەقەرەکانی کوردستان و مەقام لاوک و حەیران و سیاچەمانە بەشێک بوون لە پێکهاتەی نمایشە ئاهەنگسازییەکانی، بەڵام هەمدیسان گۆرانی و موزیک هەرچەندە کەش و هەوای نمایشەکانی پێک دەهێنن، بەڵام هاوتەریب نین لەگەڵ بونیادی درامی و گەشەکردنی رووداوەکان بەئاراستەی ترۆپ و لووتکە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لە شانۆی کوردیدا کادیری پسپۆڕمان نییە لەبواری موزیکی درامی، هەروەها دەرهێنەرەکانیش شارەزاییەکی باشیان نییە لە هونەرو زانستی موزیک، تەنانەت زۆرێک لە ئەکتەرەکان گوێچکەی موزیکیان نییەو ناتوانن ئەدای ریتم و موزیک بکەن، یان جووڵەی ریتمی و ئاوازی بکەن چ بۆ سەماو چ بۆ گۆرانی و جووڵەی نواندن، کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی نمایشی شانۆی کوردی.

لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان کە تەوژمی شانۆی ئەزموونگەری گەیشتە کوردستان توانرا چەند ئەزموونێک لەسەر بنەمای شانۆی وێنەیی بە پشت بەستن بە موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام هەر زوو چرای ئەو ستایلە شانۆییە کوژایەوەو راپەڕین کە هات زۆر لە چراکانی تریشی کوژاندەوە وەکو سینەما کە نەوەی شانۆیە. ئەگەر ئاورێکی خێرا لە نمایشە شانۆییەکانی حەفتاکان و هەشتاکان و نۆهەدەکان بدەینەوە، دەبینین ئەو شانۆییە کلتورە کوردیانەی، مۆرکی کوردەواریان پێوەیەو بە لاوک و حەیران و گۆرانی فۆلکلۆری دەوڵەمەندکراون تاکو ئێستاش هەر لە زاکیرەی بینەر ماون، ئەوەش باشترین بەڵگەیە کە بینەری ئێمە حەزی لەشانۆی کلتووری (میللی) نەتەوەکەیەتی کە سەدان چیرۆک و بەسەرهات و داستان هەن تاکو ئێستا نەکراون بە شانۆ و ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، ئەوەی کە جێگای دڵخۆشکەریە لەو دە ساڵەی رابردوو، بەتایبەتی دەرهێنەرە گەنجەکان لە کوردستان، گرنگییەکی باشیان بەبواری موزیک داوە لە نمایشی شانۆیی، لە هەندێ نمایشدا زۆر بەسەرکەوتوویی مامەڵەیان لەگەڵ کردووەو دەرهێنەری سەرکەوتوو داهێنەر ئەو دەرهێنەرەیە کە گرنگی بدات بە تەکنیکی شانۆیی وەکو دیکۆر و جلوبەرگ و رووناکی و موزیک، جاران دەرهێنەر هەبوو دیکۆری زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو هی واش هەبوو موزیکی لا گرنگ نەبوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم تەکنیکی شانۆ زۆر گرنگە لە نمایشی شانۆییدا، هەر بوارێکی تەکنیکی پێویستی بەپسپۆڕی تایبەت هەیە کە لە زۆر لە وڵاتان لە ئەکادیمیاکانی شانۆیی هەریەک لەدیکۆر و جلوبەرگ و ئێکسسوار و رووناکی بەشی تایبەتن و بروانامەی بەرزی لێ وەردەگرن. بەشێوەیەکی گشتی لە سەرجەم تێکستە شانۆییەکان نووسەرەکانیان ئاماژەیان بە کات و ساتی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان کردووە، بەڵام لە روانگەیەکی ئەدەبییەوە، بەڵام پێویستە لەسەر دەرهێنەر بەشێوەیەکی پراکتیکی و وردبینی و بەخەیاڵێکی فەنتازی مامەڵە لەگەڵ موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بکات لە شانۆدا.

* مامۆستا لە بەشی شانۆی کۆلێژی هونەرەجوانەکان